# پەیوەندیی نێوان ئاین و جینۆساید؛ ئێزدییەکان وەک توێژینەوەی حاڵەت

**ابراهيم عمر صديق**

بەشی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی، فەکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەو توێژینەوەیە دەپەرژێتە سەر پەیوەندی و یەکتربڕینی "ئاین" و "جینۆساید"، بە تیشکخستنە سەر نمونەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە شیکردنەوەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئاین وەک پاڵنەر و ئامرازێک بۆ ڕەوایەتیدان بە لەناوبردنی کەمینە ئاینییەکان و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە مەعریفییەی کە لە هەستیاریی ئاینیی ئەم کەیسەوە سەرچاوەی گرتووە. لەسەر ئاستی میتۆدۆلۆژیا، توێژینەوەکە پشت بە چوارچێوەی تیۆریی "شێوەگەری کۆمەڵایەتی" (Social Figuration) نۆربێرت ئەلیاس دەبەستێت. هەروەها چەمکەکانی وەکو "توندوتیژیی بونیادی "ستراکتۆراڵ"، "بەئەویدیکردن" (Othering)، بۆ شیکردنەوەی گوتاری ئاینی بەکاردەهێنێت. کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە لەو گوتارە ئاینیانە پێکهاتون، کە چەکدارانی دەولەی ئیسلامی (داعش) لە 2014 دا بەکاریانهێناوە، لەگەڵ ئەو گوتارەی کە لەلایەن بەشێک لە نوێنەرانی ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی ئاینییەوە دژ بە ئێزدییەکان بەرهەمهێنراوە. گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریدەخەن، پەیوەندیی ئاین و جینۆساید لە سێ پۆلێنکردنی سەرەکیدا کورت دەبنەوە، کە بریتین لە: بەئەویدیکردن (othering)، پاساوهێنانەوە و ڕەوایەتیدان (justification)، دەسەڵات و ڕێپێدان بە تاوانەکان (authorization). توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەو دەرەنجامەی کە دامەزراوە ئاینییەکان و دەسەڵاتی ئاینی، تەنانەت ئەگەر ڕاستەوخۆش بەشدار نەبن، لەڕێگەی گوتارەکانیانەوە زەمینەیەکی ڕەوا بۆ جینۆسایدکاران سازدەکەن و تاکەکان (بە ئاگا یان بێئاگا) ئاین وەک بونیادێکی چالاک بۆ لەناوبردنی ئەوانی دیکە بەکاردەهێنن.

**وشە سەرەکییەکان:** ئاین، جینۆساید، ئێزدییەکان، دەستەبژێری ئاینی ئیسلام، لەمرۆڤخستن.

## پێشەکی [1]

پەیوەندیی نێوان ئاین و جینۆساید، بێجگە لەوەی ڕیشەی مێژوویی هەن، لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا، تا ئەمڕۆش ئەو کارلێککردنە بەردەوامە. لێرەدا چوارچێوەی توێژینەوەکە بە دیاریکراوی، بریتییە لە ڕەوشی ئێستای ئێزدییەکان، ڕەهەندە مێژووییەکان و گوتاری دەستەبژێری موسوڵمان لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ئێزدییەکان، وەکو هۆکار و دەرهاوێشتەیەکیش بۆ پەلاماری ڕێکخراوی دەولەی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، دژ بە شوێنکەوتوانی ئاینی ئێزدی .

لەپاڵ ئەوە، لەو توێژینەوەیەدا باس لەوە ناکرێت، ئەو ڕێبازە ئاینییە یان ئیسلامییە ڕاستە یان هەڵە؛ ئەوە بواری ئەو توێژینەوەیە نیە، هەروەها حوکم لەسەر ئایدیۆلۆجیای هیچ بزوتنەوەیەک یا کەسێکی دیاریکراو نادرێت، داخۆ ئایدیۆلۆجیاکەیان ڕاستە یان هەڵە؛ بەڵکو لێرەدا دیاردەیەک دەبینرێت، کەسێک یا گروپێک وەکو موسوڵمان خۆیان پیشاندەدەن و چالاکییەکانیان لە چوارچێوەی تاوانێکی نێودەوڵەتیدا دەخەنە ڕۆژەڤەوە. کاری توێژەری بواری کۆمەڵناسی نییە هەر گروپێک، خۆیان بە موسوڵمان بزانن بڵێت ئەوانە موسوڵمان نین، مادام ناسنامەی خۆیان وەکو موسوڵمان پیشاندەدەن و شانازی پێوەدەکەن، هەر بۆیە، ئەوان پێیانوایەچونکە موسوڵمانی راستەقینەن، ئەو کردەیە ئەنجام دەدەن، کە وەکو جیهاد دەیناسێنن. لێرەدا، گرنگە بزاندرێت "ئەو موسوڵمانانە بۆ وا دەکەن"، بە چ پاڵنەر و هاندانێکەوە ئەو کردەیە ئەنجام دەدەن، کە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی تاوانی جینۆسایدە. بەوجۆرە، تێڕوانینێکی گشتی لەسەر بابەتەکە، بریتییە لە پاڵنەرە ئاینییەکان بۆ پەلاماردان و جینۆسایدی ئێزدییەکان، بە دیاریکراوییش ئەو فەرمانەی لە 2014 وە کرایە سەر ناوچەکانی ئێزدییان و بەشێک لە ئەحکامەکانی فیقهـ و شەریعەی ئیسلامی لەسەر ئەو ئێزدییانە جێبەجێ کرا، وێڕای ئەو گوتارە دوژمنکاری و ڕقاوییەی کە بەرهەمدەهێندرێت و دەکرێت وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تەماشای بکرێت. بۆ تێگەیشتن لەو بنەمایە، بۆ تیۆرییەکەی نۆربێرت ئەلیاس دەگەڕێینەوە، کە خۆی لە "پڕۆسەی بە شارستانیکردن"دا دەبینێتەوە، چونکە لە ڕوانگەی تیۆرییەکەی ئەودا "بۆ تێگەیشتن لە ئێستا، پێویستە لێکۆڵینەوە لە ڕابردوش بکەین"، ئەمەش لە پێناو ئەو کەیسەی کە ئێستا لەبەردەستدایە، واتە بۆ تێگەیشتن لەو کۆمەڵکوژییەی، کە

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی 9، ژمارە 2 (2026)
ڕێککەوتی: وەرگرتن 24 کانوونی یەکەم 2025؛ پەسەندکردن: 17 ئادار 2026
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە 10 ئاب 2026 بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: ibrahim.sadiq@soran.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © 2026 ابراهيم عمر صديق، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC 0 BY-NC-ND 4.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp540-557

بەرامبەر بەو گروپە مرۆییە جیاوازە کرا، پێویستە لە ڕابردوی ئەو پەیوەندییە وەکو پڕۆسە، تێبگەین. لەسەر ئەو بنەما مێژوییەشە، لەپاڵ ئەو دەقانەی کە دەکرێت بکرێن بە پاساو بۆ ئەوەی دەولەی ئیسلامی بڕیاری جینۆسایدی ئێزدییەکان بدات، هەمان ئەو پاساوانە لە چرکەساتی ئێستاشدا هەر ئامادەن.

گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، ئەو ڕەهەندە ئاینییەی کرا بە پاڵنەر و ئامراز بۆ جینۆسایدی ئێزدییەکان، لەلایەن پیاوان و دەستەبژێری ئاینی ئیسلام و دامەزراوە ئیسلامییەکان، تا ئەمڕۆ پشتگوێ خراوە. پێگەی ئاینی و جوگرافیی ئێزدییەکان، لە مێژوی خۆیاندا، هەمیشە هەم هۆکار و هەمیش پاڵنەر بووە بۆ پەلاماردانییان. شرۆڤەی ئەو پێگەیە بۆ تێگەیشتن لە وردەکارییەکانی پێگە ئاینییەکەیان و ئەو پەیوەندییەی کە بە زۆرینەی موسوڵمانەوە دەیانبەستێتەوە، لەسەر بنەمای کۆمەڵناسی شێوەگەری"Figurational Sociology" ، کە میتۆدێکی وردی کۆمەڵناسییانەی نۆربێرت ئەلیاسە، دەمانگەیەنێتە کۆمەڵێک ئەنجام و ناسینی گشت ئەو خەسڵەتانەی بونەتە هۆکارێک بۆ ناسەقامگیریی جڤاکی ئێزدییەکان، بەڵکو کۆمەڵگەی ئیسلامیش، بەتایبەتیش دەستەبژێر و پیاوانی ئاینی و خەڵکی تایبەتمەند لەو بوارە، ئاوڕێک لەو هۆکارانە بدەنەوە و پەیوەندییەکان بخەنە سەر ڕاڕەوێکی دروست، بەتایبەتیش لە پەیوەندیی بە سەرچاوەکانی فیقهـ و شەریعەی ئیسلامییەوە، سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ غەیرە موسوڵمان، چ لە ژیانی ڕۆژانەدا، یا لەکاتی گرژی و تێکچونی پەیوەندییەکاندا. جەختکردنەوەش لەسەر ئەو پانتاییە فیقهییە، پەیوەندیی بەو هەڵمەتانەوە هەیە کە بەدرێژایی مێژو کراونەتە سەر ئێزدییەکان و بەشێوەیەکی مەترسیدار کراوە بە ئامرازێک بۆ جینۆسایدی گروپێکی مرۆیی، بە پاڵنەری موسوڵمانەنەبونیان. کۆمەڵگەی هەرێمی و نێودەوڵەتیش لەو بارەیەوە شکستی هێنا لەوەی پارێزگاری لەگروپێکی مرۆیی بکات و نەهێڵێت جینۆساید بکرێن .

ڕەهەندی توێژینەوەکە، لە پەیوەندیی بە گریمانەی توێژینەوەکە، گەڕانە بەدوای ئەو پەیوەندییەی ئاین و جینۆساید بەیەکەوە دەبەستێتەوە. گەڕانە بەدوای وەڵامی هۆکارەکانی جینۆسایدی ئێزدییەکان. لە دووریانی گەڕان بە دوای وەڵامێکی گونجاویش بۆ ئەو پرسیارە، جەخت لەسەر ئەو گریمانەیە دەکرێتەوە کە ئاین هۆکارێکە بۆ بیناکردنی ڕوانگەی "بە ئەویدیکردنی ئێزدییەکان"، لە مێژوی هاوچەرخ و ڕابردودا. ڕابردو بەمانای ئەوەی بونی بە زەمینەیەکی لەبار بۆ دوبارەکردنەوەی پڕۆسەی جینۆساید لە هەر قۆناغێکی مێژوییدا، بە قۆناغەکانی ئێستاشەوە، لەپاڵ ئەو دەق و فەتوایانەی کە هەمیشە پاساوێکی ئاسانن بۆ گروپە توندڕەوەکان. کەواتە ئەو دۆخەی کە ئێستا ئێزدییەکان ڕوبەڕوی دەبنەوە، هەمیشە ڕەگوڕیشەکانی لە مێژودا گیربون و لە چرکەساتی ئێستاشدا هەر ئامادەن. بۆیە دامەزراوە و دەستەبژێری موسوڵمان هەمیشە لەبەردەم بەرپرسیارێتیەکی مێژوییدان؛ بۆ ئەوەی نەهڵێن جارێکی دیکە بەناوی ئاینی ئەوانەوە، جڤاکی ئێزدی ڕوبەڕوی جینۆساید و توندوتیژی ببنەوە. بێجگە لەوەش ئەرکی سەرشانی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقە، قەرەبوی ماددی و مەعنەویی قوربانیانی ئێزدی بکاتەوە. کەواتە پرسیارە گرنگەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەو دوژمنایەتی و ئەو گوتارە ئاینییەی دەبێتە پاڵنەرێک بۆ جینۆساید، ڕەهەندی مێژویی هەن، یاخود لەسەر بنەمای دەقەکان بینا کراوە؟

ئامانج لە توێژینەوەکە، خستنەڕوی ئەو پاڵنەر و بارودۆخە تایبەتانەن کە گروپێکی مرۆیی بەهۆیەوە جینۆسایددەکرێت. ڕونکردنەوەی ئەو پاشخانەیە، بەناوی ئاینێکەوە گەورەترین تاوان لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەم دژ بە گروپێکی ئاینیی نیشتمانی ئەنجام دەدرێت! هەروەها گەڕانە بەدوای ئەو دوژمنایەتییەی کە لە دوتوێی پڕۆسەی "بونیادگەرایی کۆمەڵایەتییەوە" دروستبووە و تیایدا تاک و دامەزراوەکان، خەڵك هان دەدەن بەو ئاراستەیەی، کە پڕۆسەی جینۆساید ئاسان بێت. لەکۆتاییی ئەو پێشەکییەدا ئەوەی گرنگە جەختی لەسەر بکەینەوە، میکانیزمی شیکاری داتاکانە. لە توێژینەوەکەدا پشت بە هەردو میتۆدی چۆنایەتی و چەندایەتی بەستراوە و تێکەڵکراون. بۆ پڕۆسەی شیکردنەوەی داتاکان لەو توێژینەوە وەسفییەدا، ڕێبازی شیکاری ناوەڕۆک گیراوەتە بەر بۆ تێگەیشتن لەمانا و چەمک و ڕەوتی ئەو ئاراستەکردنانەی، لەناو وتارەکاندا ئامادەن. ئەم پڕۆسەیە بۆ پرسیارنامەکەش گیراوەتە بەر، لەپاڵ ئەوەشدا شیکاری بەراوردکاری بۆ هەردوو میتۆدی چەندێتی و چۆنیەتی کراوە .

بونیادی توێژینەوەکەش، لەدوای دەستپێک، باس لە میتۆدۆلۆجیا کراوە، پاشان چوارچێوەی تیۆری خراوەتەڕو بەشێوەیەکی تێکهەڵکێش لەگەڵ پەیوەندیی نێوان ئاین و جینۆساید. ئینجا لەپێناو ناسین و دیاریکردنی ئێزدییەکان کێن؛ دەچینە سەر ڕەهەندی نەژادی و ئاینیی ئێزدییەکان. هەر لەو چوارچێوەیەشدا شرۆڤەکردنی ئەو لەکەیەی بە ئێزدییەکانەوە نوسێندراوە، لەژێر سەردێڕی ‌ وێناکردنی ئێزدییەکان وەکو شەیتانپەرست. دوای ئەوەش دەچینە سەر هەردو ڕەهەندی چۆنایەتی و چەندایەتیی توێژینەوەکە. لە بەشی یەکەمدا هەڵمەتی مانگی هەشتی سەر ئێزدییەکان خراوەتەڕو. پاشان شرۆڤەکردنی پرسیارنامە، بۆ زانینی ئەو ڕوانگە گشتییەی کە کۆمەڵگە بەگشتی هەیەتی لەسەر جڤاکی ئێزدی. دواییش دەرەنجامەکان خراونەتەڕو.

## میتۆدۆلۆجی

لەپێناو تێگەیشتن لە کێشەی ئەو توێژینەوەیە و گەیشتن بە وەڵامی گونجاو؛ ڕێبازی شێوازی تێکەڵاو (Mixed Methods) گیراوەتەبەر، کە بریتین لە تێکەڵکردنی هەردو میتۆدی ڕاپرسی (Questionnaire) و چاودێریکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social Media Monitoring)، بۆ ئەوەی بتوانین دونیای واقیعی لێتوێژراوان و دونیای خەیاڵکراویشیان دەستەبەر بکەین، لەپێناو تێگەیشتنێکی هاوسەنگی تەواو لە بۆچون و ڕوانگەی کۆمەڵگە لە هەرێمی کوردستاندا. کەواتە؛ چوارچێوەی دیزاینی ئەو توێژینەوەیە خۆی لە فۆڕمێکی تێکەڵی هەردو دیوی چەندایەتی و چۆنایەتیدا دەبینێتەوە، لەسەر بنەمای پشتبەستن بە هەندێک ڕوانگەی تیۆری، پرسیارنامە و چاودێریکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ زانینی ئەو کار و کاردانەوانەی دژ بە ئێزدییەکان دەگوزەرێت. بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی لە پرسیارنامەکەدا هاتون، زیاتر پشت بە پەیوەندییەکان بەستراوە، بەو مانایەی پرسیارنامەکە بۆ کۆمەڵێک کەس و ژمارەیەک گروپی دیاریکراو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک واتسئەپ، تێلەگرام، ماسنجەر و ئیمێل نێردراوە. هەروەها شێوەی تۆپەڵە بەفرینەشی لەخۆگرتووە؛ بەمانای ئەوەی برادەرێک بۆ برادەرەکانی خۆی و ئەوانیش بۆ برادەرەکانی خۆیانیان ناردووە، تا گەیشتۆتە زۆرترین ژمارەی پرسیارلێکراوان. چوارچێوەی جوگرافیی پرسیارنامەکەش گشت هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە؛ بە حوکمی ئەوەی گروپەکان لەسەر هێڵی ئینتەرنێتن و ئەندامەکانی ئەو گروپانە لە گشت شار و شارۆچکەکانی کوردستان بڵاوبونەتەوە، لەپاڵ ڕێژەیەکی کەمیش لەوانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا دەژین. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکەم، جیاوازیی نێوان ئەو داتایانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبوک، یوتیوب، ئێکس و تێلەگرام کۆکراونەتەوە لەگەڵ پرسیارنامەکە ئەوەیە، گشت ئەو داتایانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەستمانکەوتون بە وتاری ڕیکۆردکراو و نوسراو، ڕێژەی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp540-557

هەرەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ وتارخوێن یان پیاوە ئاینییەکان و هەندێک لە کەسایەتییە ئیسلامییەکان، بەمانای ئەوەی بۆ دەستەبژێری هەردو ئیسلامی ئاین و ئیسلامی سیاسی دەگەڕێتەوە، بەڵام زۆرینەی هەرەزۆری ئەوانەی لە پرسیارنامەکەدا وەڵامیان داوەتەوە، لەو دەستەبژێرە دورن؛ بەڵکو زۆربەیان گەنج و خەڵکی ئاسایین، زۆترین ئاستی زانستییان دەرچوی زانکۆکانن. دواییش جیاوازییەکان بە ئاشکرا دەبینین. لێرەشدا، ئەوە هەرگیز پەیوەندیی بە ڕاستی و ناڕاستیی ئاینەوە نییە، پەیوەندیی بە دەقەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە ڕوانگە و چۆنیەتیی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی ئەو کەسانەوە هەیە کە خۆیان بە موسوڵمان دەزانن.

سەبارەت بە چاودێریکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوەش گرنگە جەختی لەسەر بکەینەوە، سەردەمی چاودێریکردنەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاتێکی دیاریکراو لە سەرەتای مانگی هەشتی 2024، کە گرژییەکی زۆر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنی، بەهۆی قسەی بەرپرسێکی سەربازیی سەر بە ئێزدییەکان، کە قسەکە دژ بە پێغەمبەری ئیسلام هەژمار کرا. کاردانەوەکان هەمەجۆر بون، کە زۆرینەیان زۆر توند بون. ئەو توندبونە، دەکرێت ستراکتۆرال بێت، جیا لەوەی کە ڕەهەندی مێژوویی هەن، واتە پرپوێکی کتوپڕ و خۆڕسک نییە دژ بە ئێزدییەکان، بەڵکو دەکرێت بۆ قۆناغە دور و نزیکەکانی مێژو بگەڕێندرێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە کاردانەوەکانی ئەو دەستەبژێرە بە ڕێژەیەکی زۆر، جیاوازن لە وەڵامەکانی پرسیارنامەکە.

لە پەیوەندی بە شیکاری داتاکان و ئامارەکانەوە، هەوڵ دراوە سەرەتا بەجیا شرۆڤەیەکی داتاکان بکرێت، پاشان پەیوەندیی نێوان داتاکانی تیۆریک، پرسیارنامەکە و چاودێریکردن شرۆڤە بکرێت. بەوەش دەتوانین گشت ئەو کەلێنانە بچوک بکەینەوە کە دەکرێت گومانیان لەسەر دروست ببێت، بەتایبەتیش لە پەیوەندیی بە ڕێکارە ئەخلاقییەکانەوە. لەپاڵ گشت ئەو داتایانەشەوە پارێزگاریکردن لە نهێنییەکانی بەشداربووەکان.

## چوارچێوەی تیۆری

چۆن لە وەها دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تێبگەین، کە پەیوەندیی بە پەیوەندییەکانی نێوان دو گروپی ئاینییەوە هەیە؟ لێرەدا کۆمەڵێک ڕەهەندی نەریتی هەن، کە پەیوەندیی نێوان گروپە ئاینییەکانی لەسەر بنیاتکراوە، ئەو ڕەهەندانەش لەلایەن گروپی زۆرینە و هەژموندارەوە دیاریکراون، واتە یەک لایەنن و بوون بە فاکتی کۆمەڵایەتی. تێگەیشتنی ئەو ڕابردووە و بەستنەوەی بە ئێستا و داهاتو، لەڕێی کۆمەڵناسیی شێوەگەریی "Figuration" دەبێت کە بە پرۆسەی کۆمەڵناسیش "Process Sociology"ناسراوە. کۆمەڵناسی یان سۆسیۆلۆجیای شێوەگەری، ڕێبازێکە جەخت لەسەر پەیوەندیی داینامیکیی و وابەستەکراوەکانی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگە دەکاتەوە. لەم ڕووەشەوە، "گرنگیی کۆمەڵناسیی شێوەگەری لە میکانیزمەکانیدایە، لە پەیوەندیی بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی"social change" ، دەرەنجامە بێپلانەکان "unplanned consequences"، تێوەگلان و دابڕان "involvement and detachment"، پەیوەندیی دەستەڵات لەنێوان گروپە مرۆییەکاندایە "power interrelationship"، (Sadiq, I., 2021:8)، واتە پەیوەندییەکانی هێز، کە لێرەدا مەبەست زیاتر پەیوەندیی نێوان کوردی موسوڵمان و کوردی ئێزدییە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە مرۆڤەکان زنجیرەی "شێوەگەری"، یا وابەستەبونبەیەکدی پێکدەهێنن.

گەورە کۆمەڵناسی ئەڵمان، نۆربێرت ئەلیاس لە 1939 تیۆریی "پرۆسەی بە شارستانیکردن" (Civilising Process)ی ڕاگەیاند، تیۆرییەک، کە دەوڵەمەندە بە ژمارەیەک چەمکی جیاواز. یەکێک لەو چەمکانەش پرۆسەی شێوەگەرییە، کە لە بنەڕەتدا وەکو میتۆدۆلۆجی کراوە بە کەرەستەی توێژینەوە زانستییەکان. لە چوارچێوەی شێوەگەریدا "مرۆڤ دەتوانێت لە زۆر لایەنی ڕەفتار یان کردارەکانی تاکەکانەوە تێبگات، ئەگەر لە لێکۆڵینەوە لە نەخش یا قالبی وابەستەبونبەیەکدییەوە "Interdependence"لە نێوان ئەو تاکانە و ستراکتۆری کۆمەڵگەکانیان دەستپێبکەین، بەکورتی لەو شێوەگەرییەی کە لەگەڵ یەکتردا پێکیدەهێنن (Elias, N., 1978:193)". کەواتە نۆربێرت ئەلیاس جەخت لەسەر شێوەگەری دەکاتەوە وەکو "بونیادێک، کە کۆمەڵگە لە ژمارەیەک تاک پێکدێت، بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی، پێگە، ڕێساکان، پێوەر یا نۆرم و بەهاکانەوە بەستراوەتەوە (Elias, 2009, Segre, 2020: 34). ئەوەش مانای وایە ئەلیاس کۆمەڵگە بە تۆڕێکی فرەڕەهەند هەژمار دەکات؛ تێیدا تاکەکان بەشێکن لە وێنە گشتییەکەی شێوەگەری، بەو مانایەی ئەگەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتیشیان هەبێت، بەڵام هەر بە جەبرە کۆمەڵایەتییەکانی بنەما و نۆرم و بەهاکانی ئەو کۆمەڵگەیەوە پابەندن.

ئەو تێکچڕژانە کۆمەڵایەتییەش لەناو چەمکی شێوەگەریدا، لەڕوانگەی ئەلیاسەوە ئاماژەیە بۆ پشتبەیەکبەستن و بەیەکەوە پەیوەستبونی (interdependencies) ئاراستەی مرۆڤەکان. ئەو تۆڕی پشتبەیەکبەستنەوەش، لەلایەن تاکەکانەوە شێوەگیر دەبێت و دێتەبون (Elias, 2000: 482). ئەوەش مانای وایە پشتبەیەکدیبەستنی تاکەکان و گروپەکان لە چوارچێوەی ستراکتۆری کۆمەڵایەتیدا حەتمییە. هەر کاتێک ئەو پشتبەیەکبەستنە بەرەو کزی و لاوازی ڕۆیشت، بەههر هۆکارێک بێت، هەڵوەشانەوە دروستدەبێت، هەڵوەشانەوە بەمانای ئەوەی پرۆسەی بەشارستانیکردن (civilising Process)بەرەو شکستی بە شارستانیکردن (De-civilising Process)دەڕوات. کەواتە تۆڕی پەیوەندییەکانی نێوان جڤاکەکانی ناو کۆمەڵگە لە حاڵەتی فرەیی جڤاکەکاندا، بە تاکەکانیشەوە، ناکرێت لەیەکدی دابڕین؛ بۆ ئەوەی پرۆسەی شێوەگەری ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات و پرۆسەکە بەرەو شکست نەڕوات، وەک ئەوەی ئێستا پەیوەندیی نێوان کوردی موسوڵمان و کوردی ئێزدی پێیەوە دەناڵێنێت، بەتایبەتیش دوای پەلاماری گروپی دەوڵەی ئیسلامی (داعش)، کە سەریکێشا بۆ جینۆساید. هەڵبەت ئەو سەرکێشانەش ڕاستەوخۆ بریتییە لە پچڕانی تۆڕی پەیوەندییەکانی ناو شێوەگەریی و جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانی خۆی، کە بۆدواجار خۆی لە شکستی بە شارستانیکردندا دەبینێتەوە.

لەو ڕوانگەیەشەوە، لە پەیوەندی بە هەردو ئاینی ئیسلام و ئێزیدی، کە هەردوکیان ڕەگوڕیشەی مێژوییان هەیە، بۆ ئەوەی لە ئێستای ئەو بەیەکەوەپەیوەستبون، یان پەیوەستنەبونە تێبگەین، دەبێت لە ڕابردو، واتە لە ڕەگوڕیشەکانی پەیوەندیی نێوان ئاینەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا تێبگەین، بەتایبەتیش پەیوەندییەکانی هێز لە چوارچێوەی ئەو ستراکتۆرە جڤاکییەی کە ئەلیاس جەختی لەسەر دەکاتەوە. هەر لە دوتوێی ئەو پرۆسەیەدا ئایندەش بەشێک دەبێت لە ڕابردو، چونکە ئایندە بە هیچ جۆرێک لەدەرەوەی کارایی و ڕەهەندەکانی ڕابردودا نابێت. بۆیە، "بەبێ تێگەیشتن لە ڕابردو مەحاڵە لە ئێستا و ئایندە تێبگەین، مرۆڤ و گروپەکان بەیەکەوە گرێدراون و پەیوەندییەکی داینامیکی لەنێوانیاندا هەیە(Hopkins, 2006:12) "، چونکە گشت گروپەکان لەو نێوەندەدا لەدەرەوەی کاریگەریی پێچەوانەدا نین.

لێرەدا مادام پشتبەیەکبەستنی تاک و گروپەکان لەناو پرۆسەی شێوەگەریدا، بەتەنها شرۆڤەی ڕەفتار و ئاکاری کەسەکان(کۆمەڵناسیی ورد– micro-sociology)

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp540-557

ناكات، بەڵكو تەماشای ستراكتۆری پەرەپێدراوی پەیوەندیی نێوان جڤاكەكانیش (كۆمەڵناسیی درشت– macro-sociology) دەكات. ئەمەش مانای وایە دەتوانین بەوردی چاودێریی پەیوەندییەكانی نێوان دو جڤاكی دیاریكراو، وەكو جڤاكی موسوڵمانەكان و جڤاكی ئێزدییەكان بكەین، لە چوارچێوەی رابردودا وەكو مێژو، هەروەها بۆ ئێستا و داهاتوش، لەپێناو پێكەوەبەستنەوەی وردیلەكان (میكرۆ) لەسەر ئاستی تاك و درشتیلە (ماكرۆ)كان لەسەر ئاستی گروپ، بۆ چاودێریكردن و دیاریكردنی پرۆسەی كۆمەڵایەتی و جۆری پەیوەندییەكان، ڕوداوەكان، كەلێنەكان و كێشە و ئاڵۆزییەكان.

لێرەدا، دەكەوینە بەرانبەر شێوەگەریی تێكەڵبون و دابڕان (involvement and detachment)، كە دو چەمكی مەعریفین، نەک بەمانای جەمسەرگیری لە فۆرمی زاتیبون (subjectivity) و بابەتیبون (objectivity) دا، بەڵكو بەمانای پلەبەندی، ئینجا پلەبەندیی كۆمەڵایەتی بێت یا هەر پلەبەندییەكی دیكە. لەو بابەتەی ئێمەدا، كۆمەڵگەی موسوڵمان، لە پەیوەندیی بە جڤاكی ناموسوڵمانەكان، تا ئاستی دابڕان، ئەو پلەبەندییەی لەخۆگرتووە، كە دواتر دێینە سەری. ئەو پلەبەندییەش لە چوارچێوەی گۆڕانی كۆمەڵایەتیدا، پەیوەستمان دەكاتەوە بە چەمكی هێز (Power). لەو بارەیەوە ئەلیاس دەڵێت: "ئێمە دەڵێین كەسێک هێزێكی زۆری هەیە، وەكو ئەوە وایە كە هێز شتومەک بێت و لە گیرفانی خۆیدا هەڵیگرتبێت. بەكارهێنانی ئەو وشەیە پاشماوەی بیرۆكەیەكی ئەفسانەیی – تەلیسماویی كۆنە. هێز نوشتەیەک نییە كەسێک هەیبێت و یەكێكی دیكە نەیبێت؛ هێز كارەكتەرێكی ستراكتۆریی پەیوەندییە مرۆییەكانە (Elias, 1978:93). بەوجۆرە و بەپێی ئەو تێگەیشتنە هێز لە گشت كون و كەلەبەرەكانی ئۆرگانەكانی جڤاكی مرۆییدا بڵاوبۆتەوە و ڕۆچووە، بەهەمان تێگەیشتنی فۆكۆ لە پرسی پەیوەندیی نێوان مەعریفە و دەستەڵاتدا، بەوەی كە هێز لە هەمو شوێنێكدا ئامادەیە و بەكاردەهێندرێت (Foucault, M. and Deleuze, G., 1977). لەو بارەیەشەوە كریس ڕۆژەک جەخت لەسەر هەمان ڕەهەند دەكاتەوە و پێیوایە "لەدایكبونی یەكێک لە خێزانێک و لەكاتێكی دیاریكراودا، كە هێزی پێ دەبەخشرێت، لەڕێی سەرچاوەكانی داهاتدا بەمەبەستی بەشداربونێكی بەهێز لەژیانی ڕۆژانەدا. زۆر زوتر بەر لە فۆكۆ، ئەلیاس پێیوابووە بەهێزكردنی خود بناغەیە بۆ ملكەچبونی خود دەستەبەر دەكات (Rojek, C., 1986:547). "ئەوەش مانای وایە هێز دابەشدەبێت، وەک ئەوەی لەناو خێزانێكدا منداڵێک بەشی خۆی هێزی هەیە و پێی دەبەخشرێت، بەبێ ئەوەی خۆی دەستی لە دابەشكردنی ئەو هێزەشدا هەبێت، دوایی لەڕێگەی پرۆسەی سۆسیالیزەكردندا، ئەو هێزە ڕەهەندەكانی دیكە وەردەگرێت و بڵاو دەبێتەوە. لەو بارەیەوە ئەلیاس بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

"ئێمە پشت بە خەڵكانی دیكە دەبەستین، ئەوانیش پشت بە ئێمە دەبەستن. لێرەدا هەرچەند ئێمە زیاتر پشت بە ئەوانی دیكە ببەستین، ئەوە ئەوان هێزیان لە ئێمە زیاتر هەیە، ئەمەش ئەگەر بە بەكارهێنانی هێزێكی ڕوت بێت، یاخود بەهۆی ئێمەوە بێت كە بمانەوێت خۆشەویست بین، یا پێویستمان بە پارە بێت، یا چارەسەركردن بێت، یاخود پێگەیەک بێت یاخود پیشەیەک بێت، تەنها بۆ وروژاندن (Elias, 1978:74, 93).

ئەوەی لێرەدا ئەلیاس جەختی لەسەر دەكاتەوە چەمكی پشتبەیەكدیبەستنە لە چوارچێوەی گۆڕانی كۆمەڵایەتیدا، بەمەبەستی چاودێریكردنی سەقامگیریی كۆمەڵگە و بەیەكەوە بەستنەوەی پێكهاتەكان یا گروپەكانی ناو كۆمەڵگە، كە خۆی لە باڵانسی هێزدا دەبینێتەوە. هەر كاتێكیش ئەو باڵانسە گۆڕانكاریی بەسەردا هات و لاسەنگ بو، ئەوسا كۆمەڵگە لەبەردەم كێشەیەكی ڕاستەقینە (جدي)دا دەبێت. لەو بارەیەشەوە هۆپكینس لە درێژەی شرۆڤەكردنی ئەو چەمكەدا دەڵێت "تا ئەو ئەڵقانەی پەیوەندییەكانی پشتبەیەكدیبەستن درێژ بن، یاخود تۆڕی شێوەگەری بەرینتر بێت، تاكەكان زیاتر پشت بە غەیری خۆیان دەبەستن، بۆیە ئەو كاتە تاكێک لەوانەیە هێزێكی ڕەهای هەبێت (Hopkins, 2006:15). "ئەو دابەشبونی هێزە لە كۆمەڵگەی هەرێمی كوردستاندا فرەڕەهەندە، كە تاكێک لە هەر ئاستێكی كۆمەڵایەتیدا بێت (بەهێز، وەكو بەشێک لە زۆرینە لەڕوی ژمارەوە)، دەبێتە هۆكار بۆ بڵاوبونەوەی ڕق، بۆ سوكایەتیكردن بە گروپی بەرانبەر (هێزێكی كەمتر، وەكو بەشێک لە كەمینە لەڕوی ژمارەوە) و لەو ڕێگایەشەوە "بەئەویدیكردن"ی ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییەكان و وابەستەبون بەیەكەوە دەبێت و دەبێتە سەرەتایەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵگە و لاوازبونی سەقامگیری.

ئەو شرۆڤەكردنە بۆ بنەمای چەمكی شێوەگەری، كە وێناكردنی كۆمەڵگەیەكی سەقامگیرە، پێچەوانەی ئەو مێژووە دورودرێژەیە كە كۆمەڵگەی كوردی تێیدا ژیاوە، بەتایبەتیش ئێزدییەكان، بەمانای ئەوەی لەچوارچێوەی ناسینەوەی مێژوی ئێزدییەكان لە پەیوەندییان بە موسوڵمانەكانەوە هەر لە ناوخۆی كۆمەڵگەی كوردییەوە، پەیوەندییەكی كێشەدارە. ئەو كێشەدارییەش هەم بۆ دابڕانی جڤاكی ئێزدی لە كۆمەڵگەی ئیسلامی دەگەڕێتەوە، بەهۆی ئەو ستریۆتایپەی كە موسوڵمانەكان دژ بە ئێزدییەكان دروستیانكردووە، هەمیش بۆ پەیوەندییەكانی هێز، كە هەمیشە باڵانسی هێز بەلای موسوڵمانەكاندا بووە بە حوكمی زۆرینەیان و دەستەڵاتی عوسمانییەكانیش .

لە سەردەمی میری سۆران، چوار مەلای گەورەی ئەوكات فەتوایان بۆ میری سۆران داوە بۆ كوشتنی ئێزدییەكان و پشتیوانییان لێكردووە (Jwaideh, W., 2006:58)، لەوانەش مەلا یەحیای مزوری ، مەلا ساڵحی كوردی ، مەلا محەمەدی بەرقەلعی (بەرقەڵی) و مەلا محەمەدی ڕەبەتكی (حوزني موكرياني، ح. ٢٠٠١، الدملوجي ص. ١٩٤٩). هەڵبەت دەكرێت بگوترێت، كە ڕەهەندی ئەم فتوایانە بۆ دەستەڵاتی عوسمانییەكان دەگەڕێنەوە، یەكێكیش لەو فەتوایانەی ئەو كات موفتی ئەستانە بووە بەناوی "شيخ الاسلام أبو السعود افندي"، لە كۆمەڵێک سەرچاوەدا هاتووە، یەكێكیش لەو سەرچاوانەی كە فەتواكەی گواستۆتەوە كتێبێكە بەناوی لێكۆڵینەوە و توێژینەوە لە فەلسەفە و چییەتیی ئاینی ئێزدی لە نوسینی عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی. لە فەتواكەدا هاتووە :

"ئێزدییەكان لە كافرە ڕەسەنەكان كافرترن و كوشتاریان لە هەر چوار مەزهەبەكەدا حەڵاڵە، جیهادكردن لە دژیان ڕاستترە و پاداشتی زیاترە لە خواپەرستیی ئاینیدا، ڕاستەوخۆ كوشتنیان و كوشتنی سەركردەكانیان ئەركێكی ئاینییە، فەرمانڕەواكانی ئەمرۆ و والیەكان كە ڕێگە بە كوشتنیان دەدەن، ئارەزوی شەڕكردنیان هەیە لەگەڵیان و سورن لەسەر شەڕكردن لەگەڵیان و بەدیلگرتنیان، خودا سوپاسی هەوڵەكانیان دەكات. خوا یارمەتییان بدات، هاوكاریان بێت بۆ ئامانجەكانیان و بە سەركەوتنێكی بەهێز پشتیوانیان بێت بۆ سەركەوتن بەسەریاندا. بۆیە، بۆیان دروستە پیاوەكان بكوژن و نەوە و ژنەكانیان بە دیل بگرن و لە بازاری موسوڵمانەكاندا بیانفرۆشن، وەک دیلەكانی كافرەكانی دیكە. هەروەها حەڵاڵە بۆیان لەگەڵ كچەكانیان و ژنەكانیان بخەون" (ئەلبوتانی، ع.ع. ٢٠١٣).

دوای پەلاماردانی ئەرمەنییەكان لەلایەن عوسمانییەكانەوە، لە 1917 هاوكات پەلاماری ئێزدییەكانیش دراوە و كوشتارێكی زۆریان لێكردوون (ALO , S. K. and VIAN, A. A. 2021:468).

ئەم فەتوا و پەلامارانە، كاریگەرییەكی زۆریان لەسەر گۆڕانی كۆمەڵایەتی و خراپبونی پەیوەندییەكانی نێوان هەردو جڤاكی كوردی موسوڵمان و ئێزدی هەبوە، بەوەش پشتبەیەكبەستن بەرەو كزی و لاوازی چووە و پەیكیكەوتووە، لە بەرانبەر یەكتردا دڕدۆنگ بون. كە ئەوەش رویدا، هەڵوەشانەوە و دورکەوتنەوە دروستدەبێت.

لە كۆتایی هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەو تیۆرییە و بەیەكەوەبەستنەوەی لەگەڵ پەیوەندییەكانی هەردو جڤاكی كوردی موسوڵمان و كوردی ئێزدی، لە پەیوەندی بە پرۆسەی گۆڕانی كۆمەڵایەتییەوە"social change" ، ئێمە دەرەنجامە بێ پلانەكانمان (unplanned consequences)هەن، كە خۆی لە "بەئەویدیكردندا" دەبینێتەوە. بەو مانایەی با "بەئەویدیكردن" دیاردەیەكی پلانبۆدندراو و رێكخراویش نەبێت، پەیوەندی بە پێگەی هێز و دەرەنجامە هەرەمەكییەكانەوە هەیە، كە بریتییە لە كاریگەریی راستەوخۆ بەسەر هەردو جڤاكی كوردی موسوڵمان و كوردی ئێزدی. واتە وروژاندنی كوردی موسوڵمان دژ بە كوردی ئێزدی و بەهەندوەرنەگرتنی دەرەنجامە بێپلانەكان. لەهەمان كاتیشدا تێوەگلان و دابڕان involvement and "detachment"، بەمانای ئەوەی تێوەگلان لە بەئەوەیدیكردن و وروژاندنی تاكەكانی جڤاكی كوردی موسوڵمان دژ بە كوردی ئێزدی و دروستكردنی دابڕان، كە خۆی لە تێكدانی پەیوەندیی دەسەڵات لەنێوان ئەو دو گروپە مرۆییە "power interrelationship"دا دەبینێتەوە. تێكدانی ئەو پەیوەندییەش، سەردەكێشێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی شێوەگەری و سەرگرتن بۆ پرۆسەی شكستی بە شارستانیكردن و تێكچونی سەقامگیریی كۆمەڵگە. گشت ئەم دابڕان و هەڵوەشاندنەوەیەش دەكرێت سەربكێشێت بۆ پەلاماردان و جینۆساید .

## ڕەهەندی ئینتی و ئاینی ئێزدییەكان

ئێزدی، یاخود ئێزیدی، گروپێكی ئاینین، زۆرینەی نوسەرە ئێزدی و ئەوروپییەكان و نوسەرانی ناوچەكەش جەختیان لەسەر كوردبونی ئێزدییەكان كردۆتەوە (Hormi, H. 2024, Al-Hamad, 2001:9, Habib, 2003:8, Angeles, R.C.C., 2019:93, Omarkhali, K., 2017:2).ئێزدییەكان كوردن بەو بەڵگەیەی كە 98٪ ی دەقە پیرۆزەكانی ئێزدییەكان بەزمانی كوردین و گشت رێورەسم و سروتەكانییان و خواپەرستییان بەزمانی كوردییە و زمانی شوێنكەوتوانیش هەر كوردییە، شوێنی دانیشتنیشیان لە عێراق و سوریا و توركیا، هەر خاكی كوردستانە، بێجگە لەوانەی بە زۆرداری راگوێزراون بۆ شوێنی دورتر. هەروەها گشت خێڵەكانیان، خێڵی كوردین، لەوانەش "هەكاری، دۆملی، خەتاری، قائیدی، دنایی، سموقی، قیرانی، رەشانی، هەراقی، شەرقی، داسكی، زوركانی، جوانی، ئالدخی، خالتی، جلكی، هوێری، رۆزكی، جەهسانی، مامۆسی و كاشاخی". لەو بارەیەشەوە خەلیل جوندی دەڵێت، چی بڵێین دەربارەی ئاینێك كە شوێنكەوتوانی سەر بە قوڵایی مێژو و جوگرافیای باوانە كوردییەكەن، زمانی ئەوان دەئاخڤن، هەمان هەستیشیان هەیە و لەوانەیە قوڵتریش بێت، بەڵكو بەهەمو ئەمانەتێكیشەوە فەلسەفە و باوەری باپیرە پێشینەكانیان پاراستووە .(Welate Me, 2007) زۆری دیكەش هەر لە خودی ئێزدییەكان جەخت لەسەر كوردبونیان دەكەنەوە، لەوانەش خانا ئۆمەرشاخلی دەڵێت زۆرینەیان بە كوردی دەئاخڤن و تێكستە ئاینییەكانیشیان هەر كوردین .(Omarkhali, K., 2017:2) لەگەڵ ئەوەی كە ئاینەكەشیان جیاوازە، بەڵام هەرگیز دانەبڕاون لە سیاسەتی بەشەكانی دیكەی خێڵە كوردییەكان (Allison, C., 2001:5).ژمارەی دانیشتوانی كوردی ئێزدیی لە سەرتاسەری دونیا، بە زیاتر لە 600.000 كەس خەملێندراوە(Omarkhali, K., 2017:2) ، هەرچەندە ئامارێكی فەرمی لەو بارەیەوە پشتڕاست نەكراوەتەوە و هەر توێژەرێك ژمارەیەك دەسنیشان دەكات .

ئاینی ئێزدی تا ئاستێكی زۆر كار لەسەر شێواندنی كراوە (Alo, S.K. and Lazo, A.H. 2021:230)، جگە لەوەش رێژەیەكی زۆر لە نوسەران بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئێزدییەكان خۆیان، بە "شەیتانپەرست" ناوزەدیان كردون، بۆیە ئێزدیاتی لەناو گشت كەمینە ئاینییەكان لە هەموان زیاتر بە هەڵە لێی حاڵی بون (Allison, C., 2001:3).ئاینی ئێزدی بۆ چەندین سەدەی دورودرێژ پشتی بە سروت و نەریتی زارەكیی گوازراوەی پشتاوپشت لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی دیكە بەستووە، بێ ئەوەی سروتەكان و بنەمای ئاینەكە و ئەو گۆڕانكارییانەش كە بەسەریدا هاتوون تۆمار بكرێن و بزاندرێن (Habib, 2003:8) ، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لەلایەن خودی ئێزدییەكانەوە پشتڕاست دەكرێتەوە، ئەوەیە كە ئاینی ئێزدی بە پلەی یەكەم لەسەر بنەمای باوەڕبون بە كردەوەی چاك (orthopraxy) دامەزراوە و نەریتە ناوخۆییەكانیش بە شێوەیەكی بەرچاو هەمەڕەنگن. زۆربەی ئێزدییەكان باوەڕیان بە یەك خوا هەیە، كە پێی دەڵێن خودا یان خوەدێ "Xwedê" (Welate Me, 2007, Omarkhali, K., 2017:2). لەو توێژینەوەیەشدا وەكو كورد و یەكتاپەرست مامەڵە لەگەڵ كەیسی ئێزدییەكان دەكرێت.

## وێناكردنی ئێزدییەكان وەكو شەیتانپەرست!

لەچوارچێوەی ئەو پروپاگەندەیەی، كە دژ بە ئێزدییەكان بڵاوبۆتەوە، "بەئەویدیكردن" و تۆمەتباركردنیان بووە بە شەیتانپەرست، كە بەرەو دابڕان سەردەكێشێت. جارێ بەرلەوەی قسە لەسەر ئەو دیوە بكەین، بە بەشێكە لە ستریۆتایپ بەمەبەستی ناشیرینكردن و بە ئەویدیكردنیان، بەپێی یاسا و رێسا نێودەوڵەتییە مۆدێرنەكان، گشت مرۆڤەكان لە شوێنكەوتنی بیروباوەڕێكی دیاریكراو ئازادن، بەو مانایەی كەس بۆی نییە بەهۆی بیروباوەڕەوە سوكایەتی بەهیچ گروپێكی مرۆیی بكات. لەو رووەوە، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەكان، مادەی 18 (1)ی جارنامەی مافەكانی مرۆڤ دەڵێت "گشت كەسێك مافی ئازادی بیركردنەوە و ویژدان و ئاینی هەیە؛ ئەم مافە ئازادیی گۆڕینی ئاین یان بیروباوەڕی خۆیشی دەگرێتەوە (Assembly, U.G., 1948:3).." بەپێچەوانەی ئەو بنەما نێودەوڵەتییەی مافەكانی مرۆڤ، رێژەیەكی زۆری موسوڵمانەكان، لەسەر ئاستی سیستەمە سیاسییەكان و دامەزراوەكان یا تاكەكان، بەتایبەتیش رێبەرە ئاینییەكان، لەمامەڵەكردنیان لەگەڵ ئێزدییەكان، تەنانەت لەگەڵ ئەو كەسانەش كە موسوڵمان بون و ئاینی خۆیان دەگۆڕن، پێڕەوی لەو بنەمایانە ناكەن، بەتایبەتیش بەپێی ئەو داتایانەی كە لەبەردەستماندا هەن .

ئەو گرژیانەی كە لە سەرەتای مانگی هەشتی 2024 سەریانهەڵدا، هاوكات بو لەگەڵ ئەوەی كەسایەتییەكی سەربازیی ئێزدی لە كۆبونەوەیەكدا گوتی "تا محەمەدیی مابن، فەرمانی سەر ئێزدیان بەردەوام دەبێت". لە ئەنجامی ئەو دەربڕینەدا، گرژییەكی زۆر كەوتە رۆژهەڤی هەرێمی كوردستان و عێراق. هەر زو یەكێك لە كەسایەتییە ئیسلامییەكانی كوردستان، سەر بە یەكگرتووی ئیسلامی لە لاپەڕەی فەرمیی خۆیدا لە فێیسبوك نوسیی "بەپەلە؛ فەرمانی دەستگیركردن بۆ قاسم شەشۆ دەركرا.. أعوذ بالله من الشیطان الرجیم". ئەو ئەعوز و بیللایە؛ كە هەڵگری هێزێكی ئاینی و دەمارگیرییەكی ریشەدارە لەناو موسوڵمانەكان، خۆی لە تێوەگلان و دابڕان "involvement and detachment"دا دەبینێتەوە، لەپاڵ ئەو پەیوەندییەی هێز یان دەسەڵات لەنێوان "power interrelationship" كوردی موسوڵمان وەكو زۆرینە و كوردی ئێزدی وەكو كەمینە لەڕوی ژمارەوە. تێوەگلان بەمانای پیشاندانی

دژایەتییەکی ئاشکرا و دابڕانی کۆمەڵایەتیش، کە خۆی لە بە "ئەویدیکردن"دا دەبینێتەوە. ئەم تێوەگلانە؛ نەک هەر بە سوکایەتی بۆ شوێنکەوتوانی ئەو ئاینە هەژمار دەکرێت؛ بەڵکو وەکو کردەیەکی دوژمنکارانەش دەبیندرێت، چونکە لەناو یادەوەریی خەڵکدا، کە لە پێشەوەش بینیمان وەها بڵاوبۆتەوە، "ئێزدی شەیتان دەپەرستن". لەو ڕۆژەی کە وێنەی ئەو پۆستەم لای خۆم پاراست، 5.300 کەس کۆمێنتیان بۆ نوسیوە، زۆرینەی هەرەزۆری ئەو کۆمێنتانە دوبارەکردنەوەی "أعوذ بالله" یە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کەسایەتییەکی ئیسلامی بەنوسینی وەها دەستەواژەیەکی ئاینی، هەم ڕق و قین دژ بە ئایندارانی ناموسوڵمان بڵاو دەکاتەوە و دەبێتە هۆکارێک بۆ "وروژاندنی" هەوادار و هاوئاینەکان، هەمیش جۆرێکە لە هاندان بۆ توندوتیژی؛ بەو مانایەی ئەگەر زەمینە لەباربێت بۆ توندوتیژی، خەڵکێک لەژێر کاریگەریی ئەو گوتارە ئامادەن پەنا بۆ توندوتیژی ببەن، ئەگەر پلان بۆداندراویش نەبێت.

لە بابەتێکی نوسەر و ڕاوێژکاری باڵای پێشوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا "ویلیام مەککانتس" لە 2014 بەناوی "کۆیلەکانی شەیتان: بۆچی داعش دەیەوێت کەمینەیەکی ئاینی لە عێراقدا بکاتە کۆیلە؟"، کە لە ماڵپەڕی دامەزراوەی بڕۆکینگس (Brookings Institution)بڵاوبۆتەوە دەڵێت "ئایا شەیتانپەرستان دەتوانن ببنە کۆیلە؟ ئەوە یەکێکە لەو پرسیارانەی کە دەولەی ئیسلامی پێش ئەوەی گروپەکە لە مانگی ئابدا شەنگال لە عێراق داگیر بکات، ئاراستەی زانایانی ئاینی خۆی کرد. شەنگال شوێنی ئەو کەمینە ئاینییە ئێزدییەیە کە زۆرێک لە موسوڵمانان بە هەڵە تۆمەتی شەیتانپەرستییان دەدەنە پاڵ .(McCants, W., 2014) "ئەو بەردەوام دەبێت و دەڵێت "زانایانی دەولەی ئیسلامی بە ئیجابی وەڵامیان دایەوە و دەیانگوت یاسای ئیسلامی ڕێگەی بە دەولەی ئیسلامی داوە ژنانی ئێزدی بە کۆیلە بکات بە بیانوی ئەوەی، کە ئەوان (موشریکن) و ئەندامی هیچ ئاینێکی پارێزراو نین کە لە قورئاندا باسی لێوە کراوە .(McCants, W., 2014) "مەککانتس دەشڵێت، وەکو پەسەنددانیش بۆ ئەو بڕیارە، نوسەری بابەتێک کە لە گۆڤاری ئۆنلاینی دەولەی ئیسلامیدا بڵاوکرایەوە، دەڵێت "ئەم کۆیلەکردنە بەرفراوانەی خێزانە موشریکەکان ڕەنگە یەکەمجار بێت دوای وازهێنان لەم یاسایە شەرعییە (McCants, W., 2014.) ".

ئەو تێگەیشتنە بە وردەکارییەوە لە بابەتێکدا بەناوی "ژیانەوەی کۆیلایەتی" لە ژمارە (3) ی گۆڤاری دابیق کە دەولەی ئیسلامی (داعش) بڵاوی دەکردەوە، بەهەمان پاڵنەر و مۆتیڤ، بە تۆمەتی "هاوتادانەر" کە بە عەرەبی دەبێتە "مشرک" جەختی لەسەر کراوەتەوە. بێ ئەوەی ناوی هیچ نوسەرێک لەسەر بابەتەکە بێت، لە ڕستەی یەکەمدا دەڵێت "لەگەڵ داگیرکردنی ناوچەی شەنگال لە ویلایەتی نەینەوا، دەولەی ئیسلامی ڕوبەڕوی دانیشتوانی ئێزدی بووەوە، کە کەمینەیەکی بتپەرست بون، بۆ چەندین سەدەیە لە ناوچەکانی عێراق و شامدا ژیاون .(Dabiq 2014:14) "ئەمەش مانای وایە؛ جگە لەوەی تەواوی گۆڤارەکە تەعبیر لە ڕوانگەی چەکدار و ئەندامانی دەولەی ئیسلامی دەکات، لە ڕوانگەی ئسیلامیزمی جیهادی، ئێزدییەکان بتپەرستن، کە بە عەرەبی پێیان دەڵێن "وثني"، واتە وەکو قوڕەیشییەکان هەژمار کراون، هەرچەندە بەپێی هەندێک لە گێڕانەوەکان بەکەنیزەککردن بۆ قوڕەیشییەکان نەبووە، بەتایبەتی لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتاب (ئیبن ئەبو شەیبە، 1988، ب. 4:565؛ الماوردي، 1989:154؛ ابن أبي شيبة، 2004: 488). ئەم بڕیارەش بەر لە داگیرکردنی شەنگال لەبەردەست چەکدارانی دەولەی ئیسلامی بووە و پلان و مەبەستی دیاریکراویان لەوبارەیەوە هەبوە، چونکە دەڵێت "پێش گرتنی شەنگال، خوێندکارانی شەریعە لە دەولەی ئیسلامی، ئەرکی لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئێزدییەکان پێ سپێردرا بۆ ئەوەی بزانن چۆن وەک گروپێکی موشریک لە بنەڕەتدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، یان گروپێکن وەک موسوڵمان گەشەیان کردووە، دوایش هەڵگەڕاونەتەوە .(Dabiq 2014:14) "هەڵبەت لە هەردو حاڵەتەکەدا، چ وەکو گروپێکی هاوتادانەر (موشریک) تەماشایان بکرێت یان هەڵگەڕاوە، هەمان چارەنوسیان دەبو. کەواتە ئەم پەیوەندییەی نێوان موسوڵمان و گروپێکی ناموسوڵمان، ڕەهەندی مێژوییی هەن و پەیوەندییەکی کێشەدارە، تەنانەت ئەو زانا ئاینیانەی ئیسلامیش کە باوەڕیان بەو جۆرە مامەڵەیە لەگەڵ ناموسوڵمانەکان نەماوە، نەیانتوانیوە هەڵوەشاندنەوەی ئەو جۆرە مامەڵەیە تیۆریزە بکەن و گۆڕانکاری لە میکانیزمی پەیوەندییەکانی نێوان موسوڵمان و ناموسوڵمانەکاندا دروستبکەن. لەڕوی کۆمەڵناسیی شێوەگەرییەوە، کە خۆمان لەبەرانبەر ئەو جۆرە وێناکردن و بە ئەویدیکردنەدا دبینینەوە، لە دەرەنجامە بێپلانەکان"unplanned consequences" ، تێوەگلان و دابڕان"involvement and detachment" ، پەیوەندیی دەسەڵات لەنێوان گروپە مرۆییەکان"power interrelationship" ، (Sadiq, I., 2021:8)، تێدەگەین و لەبەردەم پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی ئاین داین لەگەڵ پڕۆسەی جینۆساید، بێجگە لەوەی کە لەسەر بنەمای ڕابردو و باوەڕی ئێزدییەکان مامەڵەیان لەگەڵ کەیسەکەدا کردووە.

گۆڤاری "دابیق" کە تەعبیر لە ڕوانگە و دونیابینیی موجاهیدەکانی دەولەی ئیسلامی دەکات؛ پێیوایە مانەوەی ئێزدییەکان لە ناوچەکانی خۆیان، بابەتێکە جێگای سەرسوڕمانە، چونکە لەڕۆژی قیامەتدا لێپرسینەوەیان لێ دەکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئایەتی شمشێر کە 1400 ساڵە لەبەردەستی موسوڵمانانە و دەڵێت "کە مانگە پیرۆزەکان تێپەڕین، موشریکەکان بکوژن، بیانگرن و گەمارۆیان بدەن و لەگشت شوێنێکدا بۆیان لەبۆسەدا بن ، بەڵام ئەگەر تۆبەیان کرد، نوێژیان کرد و زەکاتیان دا، ڕێگایان بدەن بڕۆن، واتە ئازادیان بکەن". دوای ئەوە گۆڤاری دابیق دێتە سەر بیروباوەڕی ئەمڕۆی ئێزدییەکان و پێیوایە بیروباوەڕەکەیان بەدرێژاییی مێژو گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، کە بریتییە لە پەرستنی شەیتان، وەکو فریشتەیەکی دەرکراو، بەڵام لێخۆشبو، لەنێو گشت ئەو فریشتانەی کە فەرمانیان پێکرابو سوژدە بۆ ئادەم ببەن، بەڵام بەتەنها شەیتان ڕەتیکردەوە سوژدە بۆ ئادەم ببات. دابیق دەڵێت ئێزدییەکان "ئەو سەرپێچییە لوتبەرزییەی شەیتان بە بەرزترین کردەوە دەزانن، پێیانوایە مرۆڤ بە هەڵە لەو هەڵوێستە تێگەیشتووە و شەیتان بە ساڵح و ڕۆشنگەر دەزانن و بانگەشەی ئەوە دەکەن خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا بە ئاشکرا لێی خۆشدەبێت، دوای ئەوەی کە پێشتریش لێی خۆشبووە، بەهۆی ئەو فرمێسکبارانەی کە لەماوەی هەزاران ساڵدا ڕشتویەتی، بۆیە بە شەیتانیان گوتووە – کە گەورەترین تاغوتە – سەرێکی سیمبۆڵیکە بۆ ڕۆشنگەری و تەقوا. چ کوفرێکی خۆبەزلزان لەمە گەورەتر دەبێت .(Dabiq 2014:14) "ئەمەش مانای وایە، گروپی دەولەی ئیسلامی تێگەیشتنێکی تەواو ڕەشیان لەسەر ئێزدییەکان هەبوە، بەو مانایەی پێشتر بەوردەکارییەوە پلانیان بۆ لەناوبردنی ئێزدییەکان داناوە، لەسەر بنەمای شەریعەت، نەک کاردانەوەیەکی خۆڕسک و کتوپڕ بوبێت.

ئەو شەپۆلە زانیارییەی کە بەدرێژایی مێژو لەسەر ئێزدییەکان نوسراوە، بناغەیەکی هزریی پێشینەی نەرێنیی و ناشرینی لەسەر ئێزێدییەکان دروستکردووە. ئەم بناغەیە بەرهەمی شەو و ڕۆژێک نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی سیستماتیک هەوڵی تێکشکاندنی سیمبۆڵیکی ئێزدییەکان دراوە. ئەو شێواندنەش پێویست بووە بۆ ڕەوایەتیدان بەو

هێزانەی لە مێژوی دور و نزیک، کە لە ئەمەوییەکانەوە دەستپێدەکات، پاشان عەبباسییەکان و تا دەگاتە عوسمانییەکان و دواتریش، سیمبۆڵیکی ئێزدییەکانیان تێکشکاندووە. ئەم شەپۆلە لە پڕوپاگەندە و بەئەویدیکردنە، وێنەیەکی ئاڵۆز و تەڵخی لەسەر ئێزدییەکان دروستکردووە و بووەتە هۆی بەتەنها لەو دەڤەرە هەوڵبدەن پارێزگاری لەمانەوەی خۆیان بکەن. لە وەها دۆخێکیشدا چۆن پشت بەیەکدییەستن بەرەو کزی و لاوازی دەڕوات، بەهەر هۆکارێک بێت، هەڵوەشانەوە و دابڕان دروست دەبێت.

لەخوارەوە لەچوارچێوەی میتۆدی چۆنایەتیدا؛ دێینە سەر شرۆڤەکردنی داتاکان و سەرەتا بە هەڵمەتی ڕاگەیاندنی سەر ئێزدییان دەستپێدەکەین، لە چوارچێوەی چاودێریکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. پاشان دەچینە سەر شرۆڤەکردنی پرسیارنامە و میتۆدی چەندایەتی.

## یەکەم: هەڵمەتی مانگی هەشتی سەر ئێزدییەکان

لەم بەشەدا، ئەو داتایانە دەخرێنەڕو کە  لە ماوەی مانگێکی چاودێریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدەستهاتون، لە چوارچێوەی ئەو کاردانەوەیەی کە گشت ناوەندە ئاینییەکانی گرتەوە دژ بە لێدوانی سەرکردەیەکی چەکداری ئێزدییەکان، لە میانەی چاوپێکەوتنێکی تایبەت بە جینۆسایدی ئێزدییان .

ژمارەی ئەو خوتبە و وتار و ڕاگەیاندنە هەمەجۆرانەی کە دژ بە ئێزدییان لە هەفتەی یەکەمی مانگی هەشتی 2024 دەرچون، ئەوەندەی ئێمە توانیومانە و بە دەستمان گەیشتووە، لە (90) وتاری دژ بە ئێزدییانم تۆمار کردون، لەو وتارانەش، زیاتر لە (70) وتار لەلایەن مەلاکانەوە تۆمارکراون و گشت ئەو وتارانەش لە ئەرشیفی خۆمدا پارێزراون. لێرەدا کورتەی تەنها چەند نمونەیەک دەخەمەڕو.

بەر لەوەی بچمە سەر خودی وتارەکان، زۆر گرنگە ئەوە بزانین کە دەستپێکی هەڵمەتەکە بە بەیاننامەیەکی هەردو دەزگای وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتیی زانایانی کوردستان دەستپێیکرد. زەقکردنەوەی قسەی سەرکردەیەکی ئێزدی بەناوی قاسم شەشۆ ، دوای پڕۆسەی جینۆساید، کە تا ئەوڕۆش لەناو کاردانەوەکانیدا دەژین، لەخودی خۆیدا جۆرێک بو لە وروژاندن. ئەگەر کار و کاردانەوەکانی ئەو دو دەزگا ئاینییە، بەتایبەتیش وەزارەتی ئەوقاف، کە دەزگایەکە بۆ ئیدارەی کاروباری ئاینیی گشت جڤاکە ئاینییەکانی هەرێم، ئەو جۆرە قسە و ڕاگەیاندن و کاردانەوانە بن، دەکرێت وەکو لەدەستدانی بێلایەنی هەژمار بکرێن و کاریگەری لەسەر ئاشتی، پێکەوە ژیان و پێکەوە هەڵکردن هەبێت. ئەو سەرکۆنەکردنەی ئەو دو دەزگایە بو بە هاندەرێک بۆ ڕێژەیەکی زۆری ئەو مەلا و وتارخوێنانەی هەرێمی کوردستان و پاساوێک بۆ سوکایەتیکردن بە ئێزدییەکان، بەئەویدیکردنیان و هەڕەشەلێکردنیان .

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، نوێنەرایەتیی گشت ئاینەکانی کوردستان دەکات. هەندێک لەو ئاینانە پێغەمبەر و بونیادی ئاینییان جیاوازە، بەڵام کە تەماشای وتارەکە دەکەین، بە ئاشکرا دیارە داڕشتنی وتارەکە بێلایەن نییە و وەکو تاکە نوێنەری ئاینێک دەردەکەوێت، بەتایبەتیش کە وشەی "پێغەمبەرمان" بەکار دەهێنێت. دواییش دەڵێت "بەمافی خۆمانی دەزانین کە ڕێکاری یاسایی لەم بارەیەوە بگرینە بەر " .(KIRSU, 2024)ئەو داڕشتن و دەربڕینە هی دەزگایەک نیە کە نوێنەرایەتی گشت ئاینەکان بکات. پاشان دەڵێت "یەکێک لە شانازییەکانی هەرێمی کوردستان، پێکەوە ژیانی ئاینی و نەتەوەییە، کوردانی ئێزدی بەدەستی تیرۆریستانی داعش، جینۆساید و ڕەفتاری نامرۆییانەیان بەسەرهاتووە، ئەم ڕەفتارەی تیرۆریستانی داعش، کە بەرامبەر گشت پێکهاتەکان ئەنجام دراوە .(KIRSU, 2024) "ئەم داڕشتنە، دو

کێشەی هەن، یەکێکیان ئەوەیە کاتێک، کە دەولەی ئیسلامی (داعش) تاوانەکانی ئەنجامدەدات، گروپێکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بون، کە 41 هەزار و 490 هاوڵاتیی نێودەوڵەتی لە 80 وڵاتەوە پەیوەندییان بە ڕێکخراوی دەولەی ئیسلامی لە عێراق و سوریا (داعش) کردووە .(Cook, J. and Vale, G.A., 2018) ئێستاش ژمارەی ئەو ڕێکخراوە بەپێی سەرچاوە فەرمییەکان 10 هەزار چەکدارە .(Arabic (2024) هەروەها بەپێی دۆکیۆمێنتەکانی خودی دەولەی ئیسلامی (داعش) ژمارەی ئەو چەکدارانەی کە پەلاماری شەنگالیان دا، 41٪ خەڵکی شانشینی سعودیە بون، لە کۆی 576 چەکداری بیانی .(Al-Kubra, 2019) بۆیە، ناکرێت ئەو ژمارە زۆرەی چەکداری موسوڵمان کە زۆربەیان سعودی، عێراقی و تونسی و میسرین، تەنها بەوەی کە ئەوانە گروپێکی تیرۆریستن وازیان لێبهێنرێت و خوێندنەوەیەکی فیقهیی فەرمی بۆ ئەو دەقە ئاینی و ئەو شەریعەتە نەکرێت، بەو دەقانەشەوە کە کۆیلەکردن و بەکەنیزەککردن حەڵاڵ دەکەن، بە دەیان هەزار چەکدار نوێنەرایەتیی دەکەن. ئەو ژمارەیە، یەک شت دەگەیەنێت ئەویش ئەوەیە کە دیاردەی سەلەفییەتی جیهادی لە دونیای موسوڵمانانندا حاڵەتێکی ڕێزپەڕ نییە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی جیددی و هەڵوێستی جیددی دەزگاکانی دونیای ئیسلامییەوە هەیە.

لەو دەق و ئامارانەشەوە ئەوە دەخوێندرێتەوە کە پڕۆسەی جینۆسایدی ئێزدییەکان بەناوی ئاینی "یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلامی"یەوە ئەنجام دراوە. لە بەرانبەردا دوای پڕۆسەی جینۆساید ئەو "یەکێتییە" نەیتوانیوە هیچ ڕونکردنەوەیەکی مەنهەجی پێشکەش بە هەردو جڤاکی موسوڵمان و ئێزدی بکات، بەوەی کە ئەو دەق و سەرچاوانەی دەولەی ئیسلامی (داعش) پشتی پێ بەستون، ناڕاستن و هیچ زەمان و سەردەمێک پەنا بۆ کۆیلەکردن و بە سەبایابردنی ژن و کچی ئەو غەیرەدینانە نەبردراوە کە بە ئەهلی کیتاب هەژمار نەکراون. ئەمەش کێشەیەکی ڕاستەقینەیە و لەبەردەم سەندنەوەی شەرعییەتە لەگشت ئەو تێڕوانین و دەق و سەرچاوانەی کە ڕێگا بە سیستمی بەکۆیلەکردن و سەبایا دەدات لە ئیسلامدا .(Faisal, B., 2019)

لەلایەکی دیکەش، دەتوانین بارودۆخی ئێزدییەکان بەو جۆرەی خوارەوە وەسف بکەین:

یەکەم: جیا لەگشت گروپەکانی دیکە تەنها ئێزدییەکان و کوردە زرگۆشییەکان جینۆساید کراون و جڤاکی ئێزدی بەتەواوی لەبارێک هەڵوەشاندەوە و تا ئەم چرکەساتەش، ئەو جڤاکە لەناو کاردانەوەکانی ئەو تاوانەدا دەژیت.

دووەم: زۆرینەی دانیشتوانی ئێزدییەکان لەناو کەمپەکاندا دەژین، لەدۆخێکی سەخت و پڕ لە کەموکووڕی بۆ گشت پێویستییەکانی ژیان. هەر لە دۆخی ژینگەیی پەنابەران کە لەناو چادر و جەمەلۆنەکاندا دەژین، تا دەگاتە کەموکووڕی لەڕوی کەرتی تەندروستی، خۆراک، کارەبا و ئاوی پاک و پڕۆسەی خوێندنی منداڵەکانیان. بەپێی ڕاپۆرتێکی(IDP) ، سەد و پەنجا و پێنج هەزار پەنابەر لە (23) کەمپی ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەژین، زۆرینەی ئەوانەش هاووڵاتیانی ئێزدین (Ligios, 2024).

سێیەم: هێشتا ناوچەکانیان و بارودۆخی ئێزدییەکان ئاسایی نەکراوەتەوە، ململانێیەکی سیاسیی زۆر لەسەر ناوچەکانی ئەواندا هەیە و بە هەردو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم نەیانتوانیوە دۆخەکەیان ئاسایی بکەنەوە. ناوچەکانیان لەژێر هەژمونی حەشدی شەعبیدایە، کە گروپێکی ئایدیۆلۆجیی پێچەوانەی بیروباوەڕی ئێزدییەکانە (Saleem and Mansour, 2024).

چوارەم: بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ، تا ئێستا زیاتر لە 2700

ئێزدی بێسەروشوێنن .(Ligios, 2024) دو هەزار لەوانە ژن و کچی ئێزدین، نەتواندراوە بگەڕێندرێنەوە بۆ ناو کەس و کاریان. نەتواندراوە ئیعتیبار بۆ جڤاکی ئێزدی بگەڕێندرێتەوە لەبەرانبەر کەرامەتشکاندن و لەمرۆڤداماڵینیان.

پێنجەم: ڕێژەیەکی زۆر لەو ژنانەی کە بەهۆی دەستدرێژیکردنە سەریان بون بە خاوەن منداڵ، کێشەکانیان لەڕوی یاساییەوە چارەسەر نەکراوە، بەهۆی ئەو منداڵانەشەوە لەناو جڤاکی ئێزدی قبوڵنەکراون و چارەنوسیان نادیارە. حکومەتی عێراق ئامادە نییە هەمواری یاسایی بۆ ئەو دۆخەی ئەو ئێزدییانە بکات، یاخود لەپەرلەمانەوە هەڵواردنێکی یاسایی تایبەت بۆ ئەو دۆخەی ئەو منداڵانە بکات، کە بەپێی یاسای باری کەسیی ئێستا، منداڵەکان وابەستەی باوکە موسوڵمانەکانیانن (Al Arabiya.net, 2020).

ئینجا لە کۆتایی بەیاننامەکەدا هاتووە "ئەم جۆرە لێدوانانە لە هەر کەسێک بێت ڕێگە پێدراو نییە، لەپێناو یەکڕیزی و پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردن دەبێت گشت لایەک سەرکۆنەی ئەم ڕەفتارانە بکەن، کە هەستی موسوڵمانان یان هەر ئاین و نەتەوەیەکی تر بریندار بکات .(KIRSU, 2024) "بەڵام لەبەرانبەر ئەوەدا پێشتر لە چەندین بۆنەی جیاوازدا هەندێک لە وتارخوێن و کەسایەتیی ئیسلامی، ئێزدییەکانیان بریندارکردووە و بە "شەیتانپەرست" ناوزەد کراون، بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەردەستدا هەن؛ ئەو وەزارەتە هیچ جموجۆڵێکی نەبووە و سەرکۆنەی ئەو جۆرە لێدوانانەی نەکردووە. دوای ئەو بەیاننامەیەش، زیاتر لە (90) وتارخوێنی هەرێمی کوردستان پەلاماری ئێزدییەکانیان دا، بەشێکیان بە "شەیتانپەرست" و بەچەندین شێواز سوکایەتییان بە ئێزدییەکان کرد، بەڵام تا ڕێکەوتی نوسینی ئەم توێژینەوەیە، ئەو وەزارەتە و "یەکێتیی زانایان" هیچ هەڵوێستێکیان بەرانبەر ئەو لێدوانانە پیشاننەداوە. لێرەدا دێینە سەر ئەو وتارانەی دژ بە ئێزدییەکان تۆمار کراون، ژمارەیان زۆرە، بەڵام دەتوانین تەنها چەند نمونەیەکیان دابنێین. یەکەم وتار کە بە نوسین تۆمارکراوە چەند بڕگەیەکی لێ دادەنێم، لەلایەن یەکێک لەو پیاوە ئاینییانەی کە دکتۆرای لە ئوسوڵی فیقهدا هەیە و پلەی زانستیی پرۆفیسۆرە، مامۆستای زانکۆیە و سەرۆکی لیژنەی فەتوای هەرێمی کوردستانە، کە پێگەیەکی فەرمییە لە حکومەتی هەرێمدا، لەژێر سەردێڕی "شەیتانپەرستەکان لە چی دەگەڕێن؟"، کە تا ئێستا نە وەزارەتی ئەوقاف و نە یەکێتیی زانایان هیچ نارەزایەتییەکیان دژ بەو شێوازە پەلاماردانە پیشاننەداوە. لێرەدا، بەبێ دەسکاریکردنی هەڵەکانی چاپ و زمانەوانی، وتارەکە دادەنێمەوە و دەڵێت:

"باس لە قیامەت ناکەین، چونکە دەزانین حەشریان لەگەڵ حەشری شەیتانی لەعین دایە. بەڵام لە دونیادا ئایا بیریان چۆتەوە کە کاتێک (دوعایان) هەر لەبەر ئەوەی هاتنەوە سەر دینی ڕاستەقینەی خۆیان کە ئیسلامە، بە دڕندانەترین شێوە و بە کۆمەڵ شەهیدیان کردن و ئەو ئەستەمە گەورەیان ئەنجامدا دەرهەقیان، بەڵام هێندەی نەبرد خوای تۆڵەسێنەر ئەو (ئەو زەواڵە دڕندەی) بۆ تاین کردن و بەو چەشنە تەفروتونای کردن؟ (وکذلک نولي بعض الظالمين بعضا بما كانوا يكسبون ) سورة الانعام 129 .(Mufty, H., 2024) "

ئەم جۆرە دەربڕینە، لە ڕقێکی شاردراوە و هاندان دەچێت. بەکارهێنانی وشەی "شەیتانپەرست" لەدژی جڤاکێکی نیشتمانی، سوکایەتیکردن و پۆلێنکردن گروپێکی مرۆییە و لەمرۆڤداماڵینیانە وەکو یەکێک لە قۆناغەکانی جینۆساید (Stanton, G.H., 2013). ئینجا هەر دوای ئەوە بە شێوەیەکی گشتگیر دەڵێت "باس لە قیامەت ناکەین، چونکە حەشریان لەگەڵ حەشری شەیتانی لەعین دایە". لێرەش هەم دیسان دو حوکمی "بەئەویدیکردن"یان لەسەر دەدات و جەختکردنەوەیە لەسەر "پۆلێنکردن"یان و "لەمرۆڤداماڵینیان"، بەوەی دەیانخاتەوە ڕیزی سیمبۆلێکی ئاینی کە ناوی دەبات "بە شەیتانی لەعین .(Stanton, G.H., 2013) "ئینجا بۆ پاساوهێنانەوەی ئەو پەلاماردانەی دژ بە ئێزدیدییەکان، پەنا بۆ ڕوداوێک دەبات کە هاوشێوەی لەناو موسوڵمانەکاندا بووە بە دیاردەیەکی مەترسیدار، ئەویش تاوانی کوشتنی کچە ئێزدیی موسڵە بەناوی (دوعا)، لەسەر مەسەلەی "شەرەف". ئەو موفتییە تاوانی کوشتنەکە دەباتەوە بۆ مەسەلەی ئاینگۆڕین، بەڵام ڕوداوەکە لە چوارچێوەی ئەو کولتورە باوەی کە لەناو کورددا، بە موسوڵمان و غەیرە موسوڵمانەوە باوە ئەویش "مەسەلەی کوشتنە لەسەر "شەرەف" کە کولتورێکی نامۆیە بە کۆمەڵگەی مرۆیی و پێچەوانەی گشت بنەماکانی ئاکار، ڕێسا و یاسا نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکانە (العربیە، 2007؛ بەگیخانی، ن.، گیل، ع. و کوبێڵ، ک.، ٢٠١٥). ئینجا ئەو موفتییە، ئەو کردارەشی پشتڕاست کردۆتەوە بە ئایەتێکی قورئان، بەوەی کە خوا تۆڵەی لێکردنەوە. پاساوهێنانەوە بۆ تاوانێک لە جۆری تاوانی جینۆساید، لە هەر وڵاتێکی پێشکەوتو بوایە، دەبوایە بدرێتە دادگا. ئێزدییەکان ڕوبەڕوی جینۆساید بونەوە، کە تاوانێکی نێودەوڵەتییە و تا ئێستاش لەناو شەپۆل و کاردانەوەکانی ئەو تاوانەدا دەژین و شوێنەوارەکانی کۆتاییان پێ نەهاتووە، کە یەکێکیش لەو شوێنەوارانە ڕاگەیاندنەکەی بەرپرسە ئێزدییەکەیە .

ئینجا هەر بەوە ناوەستێت و کوردە موسوڵمانەکان هاندەدات و دەڵێت "لەمەودوا هەر کوردێکی موسوڵمان (بەدەستەڵات و بێ دەستەڵاتەوە)، ئەگەر سۆزی جیرانەتی یان مرۆڤ دۆستی هەبێت بۆیان، ئەوانە نە غیرەتی ئیسلامەتی  هەیە و نە کەرامەتی ئینسانیەتیش. چونکە هەردەم شەیتان پەرستان گورگن و لەپێستی مەڕدا خۆیان دەنوێنن، (قد بدت البغضاء من افواههم وما تخفي صدورهم اكبر، قد بينا لكم الايات ين كنتم تعقلون)، (سورة ال عمران:118). دوای ئەوە ناوی خۆیشی نوسیوە لەگەڵ ساڵی کۆچی. لێرەدا چەند چەمکێک گرنگن ئاماژەیان پێ بکرێت، لەوانەش "بەدەسەڵات و بێدەسەڵات بەمەبەستی هاندان، غیرەتی ئیسلامەتی، کەرامەتی ئینسانییەت، شەیتانپەرست، گورگ، تۆمەتبارکردنیان لەڕێی ئایەتەوە کە ئەوان ڕقێکی ئەستوریان لە سینەیاندا شاردۆتەوە و تاد. گشت ئەم چەمکانە، بەتایبەتیش پێچواندنیان بە گورگ، هەوڵێکە بۆ "لەمرۆڤداماڵین"ی ئێزدییەکان بەشێوەیەکی ڕەها، ئەمەش دەکرێت وەکو یەکێک لە قۆناغەکانی جینۆساید بناسرێتەوە. لەو بارەیەوە گریگۆری ستانتۆن، سەرۆکی چاودێریی جینۆساید سەبارەت بە داماڵینی مرۆڤەکان لە سیفەتی مرۆڤبون، دەڵێت "گروپێک نکوڵی لە مرۆڤبونی گروپەکەی دیکە دەکات. ئەندامانی لەگەڵ ئاژەڵ، کرم، مێرو یان نەخۆشی یەکسان دەکرێن. داماڵین لە مرۆڤبون، زاڵبونە بەسەر ڕقبونەوە لە مردن. لەم قۆناغەدا پڕوپاگەندەی ڕق و کینە لە چاپکراو و لە ڕادیۆکانەوە بڵاو دەکەنەوە بۆ ناوزڕاندنی گروپی بەئامانجگیراو. لەپێناو بەرەنگاربونەوەی ئەم جۆرە لەمرۆڤداماڵینە، نابێت هاندان بۆ جینۆساید لەگەڵ ئازادیی ڕادەربڕین تێکەڵبکێرت .(Stanton, G.H., 2013) "ئەمەش پێوەرێکی گرنگە بۆ ناسینەوەی ئەو جۆرە وتارە ڕەها و ڕقاوییەی ئەو وتارخوێنە موسوڵمانە دژ بە ئێزدییەکان. لەو بارەیەشەوە، "بەکارهێنانی ئەم زاراوانە لەسەر پلاتفۆرمە گشتییەکان، خزمەتکردنە بە سترایۆتاییپکردنی ئێزدییەکان (واتە گشتیان خراونەتە یەک خانەی لەمرۆڤداماڵین و سوکایەتیپێکردنیان)، هەروەها ئاساییکردنەوە و نۆرمالیزەکردنی ناوزڕاندن و ئابڕوبردنیان و دواییش گۆشەگیرکردنیانە (Kmeid, A., 2018:10). "

ئەو تێکچڕژانە کۆمەڵایەتییە وەک لە تیۆرییەکەدا هاتووە، لە چوارچێوەی چەمکی شێوەگەریدا، لە ڕوانگەی ئەلیاسەوە ئاماژەیەکی ڕونە بۆ مێژووی ئەو پشتبەیەکبەستن و بەیەکەوە پەیوەستبونەی (interdependencies) هەردو جڤاکی موسوڵمان و ئێزدی لە کوردستان. هەڵوەشانەوەی ئەو تۆڕی پشتبەیەکبەستنەوەش، لەلایەن ئەو گروپەوە بەڕێوەدەچێت کە جڵەوی هەژمونێکی ڕۆحیی ڕەهایان بەسەر جڤاکی موسوڵماندا هەیە. ئەوەش مانای وایە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا بە ئاراستەیەکی ترسناکدا هەنگاودەنێت و پشتبەستنی تاکەکان و گروپەکان لە چوارچێوەی ستراکتۆری کۆمەڵایەتیدا بەرەو هەڵوەشانەوە دەڕوات. هەر کاتێکیش ئەو پشتبەیەکبەستنە بەرەو کزی و لاوازی ڕۆیشت، هەڵوەشانەوە دروستدەبێت، بەمانای ئەوەی لە پرۆسەی بەشارستانیکردنەوە (civilising Process)بەرەو شکستی بە شارستانیکردن (De-civilising Process) دەڕوات. بەرپرسیاریش لەم شکستە ئەو گوتارە ڕقاوییەیە کە بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو بەناو هەمو دەستەبژێریی هەردو پانتایی ئیسلامی ئاین و ئیسلامی سیاسیدا بڵاوبۆتەوە.

ئەو کەسایەتییە موسوڵمانە پۆستەکەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاوکردۆتەوە، تا ڕۆژی 2024/8/14، (794) کەس لایکیان کردووە. (548) کەس سەرنج یان (کۆمێنتی) دەستخۆشی و پیاهەڵدانیان بۆ ئەو پۆستە هەیە. لەگەڵ (81) جار شەیرکردنەوەی پۆستەکەی پرۆفیسۆر. یەکێک لەو کۆمێنتانەی کە بۆ پرۆفیسۆری "خاوەن پۆستەکە" نوسراون، هی کەسایەتییەکی دیکەی موسوڵمانە و بەهەمان شێوە دکتۆرای هەیە لە زانستەکانی فیقهی ئیسلامی و پلەی زانستیی پرۆفیسۆرە و مامۆستای یەکێک لە زانکۆکانیشە، نوسیویەتی "هەمیشە قەڵەمت ڕەنگین بێت دکتۆری خۆشەویست، بەڕاستی وەک فەرمووتانە سەرکۆنە بەس نیە". ئەمەش مانای وایە دەستەبژێری موسوڵمان لەبەرزترین ئاستەوە بەو جۆرە بیر دەکەنەوە و جۆرێک لە جەمسەرگیری و کۆکبونی تەواو دژ بە ئێزدییەکان لەئارادایە لەپێناو "بە ئەویدیکردن و بێگانەکردنیان و لەمرۆڤداماڵینیان. دواییش پرۆفیسۆری خاوەن پۆست بە زمانی عەرەبی وەڵامی پرۆفیسۆری کۆمێنتنوسی دو دەداتەوە و دەڵێت "داوامان لەسەریان تۆمار کردووە مەولانای دکتۆر. "

جگە لەوەش، بە وردی گشت ئەو سەرنجانەم خوێندنەوە کە بۆ ئەو پۆستەی پرۆفیسۆری خاوەن پۆست نوسراون، ئەوانەی کە دەستخۆشی و پشتیوانییان بۆ پرۆفیسۆر بە کوردی و عەرەبی دەربڕیوە. ئینجا بەدوای پیشەی ئەو سەرنجنوسانەدا گەڕام، تەنها ئەوانەی کە توانیم پیشەیان دەسنیشان بکەم، لەنێوان مەلا و کەمێکیش لەوانەی کە شۆڕەتی شێخ لەپێش ناوەکەیان هەیە کە هەندێکیشیان مەلان، لەگەڵ ئەوانەش کە پیتی (د) یا وشەی (دکتۆر) لەپێش ناوەکانیانە، ژمارەیان کەم نییە. لەوانە (110) مەلا لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، (16) کەسیش وەکو دکتۆر خۆیان ناساندووە و مامۆستای زانکۆکانن و هەندێکیان ناسراون، لەگەڵ سێ کەسایەتی سەر بە ئیسلامی سیاسی. ئەمانەش گشتیان وێنە و سەرنجەکانییان پارێزراون. ئەوانی دیکەش لە وێنە و پرۆفایلەکەیان زۆربەیان خەڵکێکن، پێدەچێت، لە ناوەندە ئیسلامییەکان پێگەیەکی کاریگەریان هەبێت. ئەمە مانای وایە کەسایەتییەکی وەکو پرۆفیسۆر لەناو هەرێمی کوردستان و لەناوەندە ئیسلامییەکاندا ناسراوە و کاریگەریی زۆرە. ئەم تۆڕە ئاینییە کە پەیوەندییەکی داینامیکی لە نێوانیاندا جێگیرە، کۆمەڵگە لە دۆخێکی فرەیی مۆدێرنەوە بەرەو دۆخێکی تاکڕەهەند دەبات، تێوەگلان " " involvementی ئەو دەستەبژێرە لە هەر دۆخێکی نەخوازراو لە ئایندە لە لەلایەک و دابڕانی "detachment" جڤاکی ئێزدییش لە لایەکی دیکەوە دروستدەکات. ئەم دۆخەش ئەگەر بەبێ پلانیش "unplanned" بێت مانای وانییە دەرهاوێشتەکانی ترسناک نابن، بەڵکو بۆی هەیە ئاراستەی ڕوداوەکان لەدەست دەربچن و کۆنترۆڵ نەکرێن.

لە وتارێکی دیکەی ڕۆژی هەینیدا، مەلایەکی دیکە بە شێوەزاری بادینی، لەسەر مینبەر و بە "دشداشەیەکی عەرەبی، پەنجەکەی ڕادەوەشێنێت و دەڵێت "ئەوڕۆکە ڕۆژا هەندێیە کە شمشێرەکەی عومەری کوڕی خەتاب هەڵگرین بەرەو شەنگال بچین و سەری قاسم شەشۆ لێوەکەین". ئینجا هانی مەلا و موسوڵمانەکان دەدات کە بەرگری لە ئاینەکەیان بکەن و سەری یەکێکی وەکو قاسم شەشۆ لێوەکەن کە بە موجریم و کافر ناوی دەبات. بێجگە لەوەی کە ئەو وتارخوێنە هیچ ڕێزێک بۆ سیستمی کۆمەڵایەتی، سیاسی و دادوەری دانانێت، هاندانی خەڵك بۆ ڕۆشتن بەرەو شەنگال و دەست بە شمشێرەوە، کێ مسۆگەری ئەوە دەکات کە ڕوداوەکان لەدەست دەرناچن و جینۆسایید ڕونادات؟.

وتارخوێنێکی دیکە، لە بۆنەیەکی پێشوتردا، واتە بەر لە کاردانەوەکانی دژ بە قاسم شەشۆ؛ کە پیشەی پزیشکی هەیە و ڤیدیۆکەی پارێزراوە، بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە باس لە کرێکاری ئێزدی دەکات، بەهۆی ئێزدیبیونیانەوە، بەو مانایەی لێرەدا سوکایەتی بە تەواوی ئێزدییەکان دەکات و دەڵێت "ئەگەر ویستتان یەزیدییەک تورە بکەن یان خۆی بکوژێت یان تۆ بکوژێت، یان هەرچی پارەت داوەتێ بەکرێکاری دایبنێت، پارەکەی مەدەرێ تا ئێوارە، دوایی دەڵێ؛ کاکە من ئیشم بۆتۆ کردووە تا ئێوارە بێنە پارەکەم بدەرێ، جا شوکر کوردیەکەشیان تەواو نیە چونکە کورد نین. کە وتی پارەکەم بەرێ بڵێ ئای شەیتان بە نەعلەت بی وەڵاهی بیرمچوو! (گشت دەنیشتوان پێدەکەنن!). ئیتر ئەم پارەیەی ئەمرۆ ئیشی کردووە ئەبێ داینێ، قورکەن بەسەریان ئەی چۆن برا بەرێزەکانم". بڕگەکان ڕۆشنن، کە خۆی لە سوکایەتیکردن و تورەکردنی کرێکاری ئێزدیدا دەبینێتەوە و هاندانە بۆ ئەوەی پارەکەی پێ نەدرێت. دابڕاندنیان لە نەتەوەی کورد، ئینجا نەفرەتکردن لە شەیتان، ئینجا داواکردن لە خەڵك بۆ ئەوەی ئاوا قوریان بەسەر بکرێت. قوربەسەردا کردنیش واتە کوشتن و ژێرخۆڵکردن. ئەو قسەکانی بە بەڵگەی ئایەت پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "لەبەر ئەوە خۆشەویستەکانم، خۆشەویستتان تەنها دیندارە، تەنها موسوڵمانە، تەنها ئیماندارە. غەیری ئەوە بە خۆشەویست قبوڵ نییە، خوای گەورە فێرمان دەکات "لقد كانت لكم اسوة حسنة في ابراهيم (قد كانت لكم أسوة حسنة في إبراهيم والذين معه إذ قالوا) ئیبراهیم بە قەومەکەی گوت چی؟ (لقومهم إنا برآء منكم ومما تعبدون من دون الله)، مادام خوا ناپەرستن ئێمەش گوێڕایەڵیتان ناکەین و لەگەڵتانا ناژین". هەڵبەت ئەو ئایەتەکە تەواو ناکات کە دەڵێت (كفرنا بكم وبدا بيننا وبينكم العداوة والبغضاء أبدا)، واتە کافرین بە ئێوە و تاهەتایە دوژمنکاری و قین لەنێواندا هەیە .

لە کۆی ئەو وتارەدا ئەوە ڕۆشنە کە لەلایەک هاندانی موسوڵمانانە بۆ نرخدانەنان و سوکایەتیکردن بە کرێکارە ئێزدییەکان بەهۆی ئێزدیبونیانەوە، واتە بەهۆی ئاینەکەیانەوە. ئەمەش مانای داماڵینیانە لەمرۆڤبون. هەروەها بە کورد هەژمارنەکردنیان، بریتییە لە "بەئەویدیکردن"، وەکو دووەم قۆناغی بەر لە جینۆساید. ئینجا قوڕکردن بەسەریان و پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕاگەیاندنە بە ئایەتێکی قورئان، لەو ڕێیەشەوە داوا دەکات کە لەگەڵیان نەژین. ئەمەش هەر بەشێکی دیکەیە لە پچڕانی گشت ئەو پەتانەی کە جڤاکی موسوڵمان و ئێزدی و گشت جڤاکەکانی دیکە لە کۆمەڵگەیەکی فرەڕەهەند و فرەکولتوردا لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی شێوەگەریدا، کۆدەکاتەوە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp540-557

لە خوارەوەشدا، تەنها (10) ڕاگەیاندنی مەلاکانی دیکەی کوردستان بەدوای یەکدا تۆمار دەکەین وەکو نموونە. ژمارەیەک ڕاگەیاندن کە گشتیان لە چوارچێوەی ستریۆتایپدا، مەترسییەکی زۆریان بۆسەر جڤاکی ئێزدی تێدایە. بەشێک لە وتارەکان پەیوەندیی بە هەوڵێکی حکومەتی عێراقەوە هەبوو کە ویستویەتی هەندێک ماڵی هاووڵاتی عەرەب بگەڕێنەوە بۆ شەنگال. بەپێی بەیاننامەیەکی ڤیدیۆیی تۆمارکراوی ژمارەیەک کەسایەتیی ئێزدی لە شەنگال، "کە ڤیدیۆکە پارێزراوە"، هەندێک لەو کچانەی کەوتبونە دەست چەکدارانی دەوڵەی ئیسلامی (داعش) و ڕزگارکراون، یەکێک لەو هاووڵاتییە عەرەبانە دەناسنەوە کە سەر بە دەوڵەی ئیسلامی بووە و لە بەیاننامەکەدا ناوی ئەو کەسە هاتووە، بۆیە ژمارەیەک گەنجی ئێزدی دەیانەوێت دەستگیری بکەن، بەڵام هاووڵاتییە عەرەبەکە پەنا بۆ مزگەوتێک دەبات کە پێشتر لە سەردەمی پەلاماری دەوڵەی ئیسلامی (داعش) بۆ سەر شەنگال وێران بووە. گەنجە ئێزدییەکانیش بەرەو مزگەوتە وێرانبووەکە دەچن و لەوێوە هاوڵاتییەکە دەستگیر دەکەن و ڕادەستی پۆلیسی دەکەن. هەر لە بەیاننامەکەدا ناوی ژمارەیەک مەلا دێنن و داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەن ئەو سوکایەتیکردن و چەواشەکارییەی هەندێک لە مەلاکان ڕابگیرێت و چیتر سوکایەتی بە ئێزدییەکان نەکەن، چونکە ئەوان بۆخۆیان بەهیچ جۆرێک قبوڵ ناکەن سوکایەتی بە مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکانی هیچ ئاینێک بکەن .(Mame, S. 2023) کەواتە، دۆخەکە هیچ پەیوەندیی بە سوتاندنی مزگەوت و سوتاندنی قورئانیشەوە نییە، بەڵام مەلاکان بەر لەوەی ڕاستیی ڕوداوەکە بزانن، ڕاستەوخۆ لە وتارەکەیاندا پەلاماری ئاین و ناوبانگی ئێزدییەکان دەدەن. بەپێی قسەی یەکێک لە ڕۆژنامەنوسەکان، ئەو ڤیدیۆیەی لەو کاتەدا بڵاوکراوەتەوە، گوایە ئێزدییەکان مزگەوتەکەیان وێران کردووە، مزگەوتەکە پێشتر لە سەردەمی دەوڵەی ئیسلامی (داعش) وێران کراوە. شاندێکی وەقفی سوننی عێراقیش سەردانی شەنگالیان کرد و پشتڕاستیان کردۆتەوە کە هیچ هێرشێک نەکراوەتە سەر مزگەوتەکە . دەربارەی سوکایەتییەکان، لە یەکەم وتاردا وەها هاتووە "ئەوا ئەڤڕۆکە هاتیتە ڕوودان ل شەنگالێ، ئەوا ئێزدیت بێ دین و عەبدێت شەیتانی، کە هێرش کرینە سەر مزگەفتێ کو مالا خودێ تەعالایە، تا دەگاتە، بێ ئەدەبیا وە گەیشتینە وێ دەرەجێ کو هێرش بکەن بۆ سەر مزگەفتێ و مالا خودێ تەعالا، خسوسەن ئەڤە جهێ قبولکرنێ نیە و ناهێتە قبول کرن". لێرەش ناوزەدکردنی ئێزدییەکان وەکو بێدین و عەبدی شەیتان، بریتییە لە "بەئەویدیکردن" و "داماڵینیان لەمرۆڤبون."

دووەمیان دەڵێت "شەیتان پەرستێن ئێزدیا لە شەنگالێ هجومیان کردۆتە سەر مزگەوتی شەنگال، لەو مزگەوتەدا چەندین قورئان سوتێندراون، ئەوەیە وەفای ئێوە گەلی شەیتان پەرستا؟ وەختێ لە تەنگاویدا بون مەلاکان بانگی خەڵکیان کرد هاوکاریتان بکەن، ئەوەیە وەفای ئێوە گەلی شەیتانپەرستا؟ پێشمەرگەی کوردستان دیفاع لە گوندی ئێوە دەکەن". لەو ڕاگەیاندنەشدا بەهەمان شێوە ستریۆتایپکردن و ناوزەدکردنیان بە شەیتانپەرست و سوکایەتی بە گشت ئێزدییەکان، کە بەهەمان شێوە دەچێتەوە چوارچێوەی "بەئەویدیکردن" و "لەمرۆڤداماڵین"ی ئێزدییەکان. هەر بەهەمان ئاواز، سێیەم وتاربێژ دەڵێت "تەنانەت لە شارێکی وەکو شەنگال، کە کافران و موشریکەکان بە پایتەختی خۆیانی دەزانن، دەبینین لە ناوەڕاستی شەنگال لە ناوەڕاستی شەیتانپەرستەکان، موسوڵمانان مزگەوتێکیان ئاوەدان کردەوە و خاوێنیان کردەوە و فەرشیان تێدا ڕاخستووە، پاش ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر بو چۆڵکرابو". بەهەمان شێوە بێئاگایی لە ڕوداوەکە و هەژمارکردنی شەنگال بە پێتەختی کافر و موشریکەکان، هەروەها بە پێتەختی شەیتانپەرستان ناوزەدی دەکات. ئەمەش جگە لەوەی گشتگیرکردنە، "بەئەویدیکردن" و لەمرۆڤداماڵینی ئەو گروپە مرۆییەیە، بە تۆمەتبارکردنیان بە کافر و موشریک، ڕێک ئەو دەقەی کە لە بڵاوکراوەی دابیقی سەر بە دەوڵەی ئیسلامیدا هاتووە .

چوارەم وتاربێژ، بەهاوارکردنەوە دەڵێت "کۆمەڵێ کەس لە شەیتانپەرستەکان پەلاماری مزگەوتێکیان داوە، بێحورمەتییان بەرامبەر کردووە، هەوڵیانداوە کە بیڕوخێنن و بیسوتێنن". لێرەشدا بەهەمان شێوە جگە لەوەی تەواوی جڤاکی ئێزدی بە شەیتانپەرست ناوزەد دەکات، تەواوی زانیارییەکان پێچەوانەی بەیاننامەکەی کەسایەتیی ئێزدییەکانە، چونکە ئامانجی گەنجە ئێزدییەکان دەستگیرکردنی ئەو تۆمەتبارە بووە کە پەنای بۆ مزگەوت بردووە. لە پێنجەم وتاردا، وتارخوێنەکە دەڵێت "سێ ساڵە پێیان دەڵێن پێکەوە ژیان، ئەگەر گوێتان لە مەسئولەکان بێت دەڵێن برا ئێزدییەکان، تەبعەن برای ئێمە نین"، لێرەش بەهەمان شێوە "بەئەویدیکردن"ی ئێزدییەکان درێژەی هەیە و بە تانەوتەشەرەوە دەڵێت "تەبعەن برای ئێمە نین". هەڵبەت ئەو وتارخوێنە لەوە بێئاگایە کە پێکەوەژیان بەمانای برایەتی نایەت، بەڵکو بەمانای یەکتر قبوڵکردن و پێکەوە هەڵکردن دێت. هەموان لەسەر بنەمای هاووڵاتیبون، یەکسانن لە بەرانبەر یاسادا. شەشەم وتاریش درێژەپێدەری وتارەکانی دیکەیە، لە گۆڕینی زانیارییەکان و هاندان. ئەو دەڵێت "ئەمانە کەمینەن لە شوێنێکا ئەو کارەیان ئەنجام داوە، ئەگەر زۆرینە بونایە، دەستەڵات و هێز و کورسی و دەبابە و تۆپ و تەیارەیان هەبوایە چییان دەکرد؟ سەدان ساڵە لەژێر دەستەڵاتی ئیسلامیە حوکمڕانەکانا بونە، چییان بەرامبەر کراوە؟ سەردەمی ئەمەوییەکان عەباسییەکان و عوسمانییەکان چی بەرامبەر ئەمانە کراوە؟"

وتاربێژ لێرەدا بەتەواوی لە مێژو بێئاگایە. یەکێک لە پەلامارەکان لە سەردەمی عەبباسییەکاندا بووە دژ بە داسنییەکان، کە ئیمارەتێکی ئێزدی بون. شەڕی نێوان سوپای عەبباسی بە سەرکردایەتیی ئیتاخ و میر جەعفەری داسنی لە ناوچەی باب و چیاکانی دەوروبەری موسڵ، یەکێکە لە توندترین پێکدادانەکانی سەدەی نۆیەم، کە تێیدا کوردە داسنییەکان بەرگرییەکی سەختییان کرد پێش ئەوەی میرەکەیان کۆچی دوایی بکات (تەبەری، 1987، ب.9، ل:106؛ دەملوجی، 2003، ل:45). ئەم شەڕە لە مێژودا بە "شۆڕشی جەعفەری داسنی "ثورة جعفر الداسني"، ناسراوە. عەبباسییەکان بەهۆی سەختیی ناوچەکە و ئازایەتیی کوردەکان ناچاربون یەکێک لە گەورەترین فەرماندە تورکەکانی خۆیان بەناوی (ئیتاخ) بنێرن بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشەکە. دەکرێت زۆر پەلاماری دیکەش هەبن، بەڵام پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە. پەلامارەکانی سەردەمی عوسمانییەکان و فەتواکەی شێخی ئیسلام ئەبی سعودیش بەڵگەیە لەسەر ئەو فەرمانانە .

لە حەفتەم وتاردا، دەڵێت:

**"ڕقمان لێتانە، وەڵاهی دژایەتیتان دەکەین. وەڵاهی حەزمان بە چارەتانا نییە، تاکو ئەو کاتەی کە خوای گەورە دەستەڵات دەدا، کاتێکیش کە دەستەڵاتی دا بە ئێزنی خوای گەورە، وەڵاهی دەبێ بە دەست و شەق سزاکەی بخۆن، هەروا کاڵتەیە ئێوە سوکایەتی بە ئیسلام بکەن؟ وەڵاهی هەر کاتێ سوکایەتییەکتان کردبێت، سوکایەتی بە گورەترین موقەددەساتی ئێوە دەکەین، پێتان ڕادەبوێرین، ئیهانەتان دەکەین، ئیدانەتان دەکەین، هەروا مەزانە تۆ لە پشتی تەلەفزیۆنەکانەوە جوێن بە خواکەم ئەدەیت جوێن بە پێغەمبەرەکەم دەدەیت، وەرە بەرەدەم و پیاو بە جوێن بدە، قەسەم بەخوا کاتێ چاوت دەکەیتەوە، پرسیارت لێ بکەن بڵێن من ڕیک، ئەوە بزانە موسوڵمان ئەوەندە زەلیل نییە، ئەوەندە سەرشۆڕ نییە"**

گوتارێکی هاوپێچ بە کۆمەڵێک پەیامی ترسناک دژ بە ئێزدییەکان و وروژاندنی چەمکەکانی "دژایەتی"، "حەزنەکردن بە چارەیان"، "سزادان"، "سوکایەتیکردن بە موقەددەسات"، "ئیهانە" و "کوشتن"، ئاشکراکردنی دوژمنداریێتی و تیاشیدا "بەئەویدیکردن" و "لەمرۆڤداماڵین" و تەنانەت هاندان بۆ ڕوبەڕوبونەوە و کوشتنیان.
لە هەشتەم وتاریشدا، بەهەمان شێوە دەڵێت "یمهل ولا یهمل، خوا مۆڵەت بە مرۆڤ دەدا، بەڵام ئیهمالی ناکات، دوای چەند ساڵێک خوای گەورە چی لێکردن، چ تۆڵەیەکی لێکردنەوە، ڕۆڵەیەکی ئێمەی موسوڵمان، چونکە مادام بو بە موسوڵمان، بو بە ڕۆڵەی ئێمە، ڕۆڵەیەکی ئێمەتان کوشت، خوای گەورە چی لە ڕۆڵەکانتان کرد،؟ چی لە ناموسەکانتان کرد، چی لە ماڵەکانتان کرد؟ چی لە خاک و وڵاتتان کرد؟ ئێوەی کرد بە پەندی هەمو دونیا نەک تەنها کوردستان". ئەمەش هەر جۆرێکی دیکەیە لە هاندان و جەمسەرگیری. قسەکردنە بە ناوی خودا و بیرهێنانەوەی ڕوداوەکەی (دوعا)یە کە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە کوژرا، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە تەواوی پڕۆسەی جینۆساید بە تۆڵەی خوا تێدەگات و جۆرێکە لە ڕەوایەتیبەخشین بەو پڕۆسەیە و جۆرێکە لە بەشداربون.
لەو ڤیدیۆیەی ژمارە نۆ دا، کەسێک پرسیار لە کەسێکی بەنگەلادیشی دەکات کە چەندین ساڵە لە کوردستان دەژیت و ناوێکی کوردییان لێناوە و فێری کوردی بووە. ئەو کەسە زۆر بە خراپ ئەو بەنگەلادیشیە هان دەدات بۆ ئەوەی سوکایەتی بە ئێزدییەکان بکات بەو جۆرەی خوارەوە:

"بەنگەلادیشی پرسیارەک، چیت لۆ ئەو ئێزدیانەی شەنگالێ هەیە؟
بەنگەلادیشی؛ کورە ئەو ئێزدییانە (لێرە جنێوێکیان پێ دەدات)
پرسیارکەر؛ پیاون یا پیاو نینە، قۆندڕەش نینە!
بەنگەلادیشی: ئەوانە پیاو نینە قۆندڕەش نینە!
پرسیارکەر: هەر لە سمێرتان بەم.
ئەرێ وەڵا ئەو سمێرانەیان بە قەستی دانایە بەخوای.
پرسیارکەر: کوڕە بڕۆن قونتان بشۆن بە شەفرەی پاقلاوەی!
بەنگەلادیشی؛ ههاهاها بە شەفرەی پاقلاوەی!
پرسیارکەر: ئەگەرنا ها دەرمانی مەکینەی هاتیە لە قونیان دەن هەموی نەرم دەبیتەوە!
پرسیارکەر: تفەکی لە ئێزدیان بکە؟
بەیەکەوە دوو جار؛ تف لە ئێزدیان، تف لە ئێزدیان."

ئەم هاندان و بەئەویدیکردن و لە مرۆڤداماڵینە، لەهەر وڵاتێک بوایە یاسای تێدا سەروەر بێت، دەبوایە ئەو کەسە بدرێتە دادگا.
لە ڤیدیۆی ژمارە دە دا، کە دەکرێت وەکو ئەنجامی ئەو هەمو وتار و هاندانە لێکبدرێتەوە، کۆمەڵێک گەنج لە دەڤەری بادینان، گفتوگۆ دەکەن، باس لە پەیداکردن و کۆکردنەوەی چەک دەکەن بە مەبەستی پەلاماردانی کەمپی ئێزدییەکان. یەکێکیان دەڵێ من لە تەنشت کەمپەکە دەژیم و ئەگەر بە بی کەی سییەوە (BKC) ڕویان تێنەکەم من لە بابی خۆم نیم. ئینجا بانگی گەنجانی زاخۆ و دهۆک و سێمێل دەکەن؛ خۆ ئامادە بکەن بۆ ئەو پەلاماردانە. دەشڵێت هەر ناوچەیەک گروپی خۆی دروست کردووە بۆ پەلاماردان. یەکێکیش دەڵێت هەرچی غیرەتی هەبێت و ناموسی لەسەردا هەبێت ئەو ناسەکنن. ئینجا دەڵێن، ئەوانەی سۆرانیش گوتیان ئێمە گروپەکی دروست دەکەین لەوانەی گەلی هەولێر و تادوایی، کە گشتی هاندان و باسکردنە بۆ خۆئامادەکردن. ئەم هاندان و گفتوگۆ بۆ پەلاماردانی ئێزدییەکان بووە هۆکاری ئەوەی چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەو وتاردانە بە "گەردەلولێکی ڕێکخراو" وەسف بکەن، کە دەڵێن لەماوەی چەند ڕۆژێکدا بە سەدان خێزانی ئێزدی لەناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بەرەو گوند و ئاوەدانییەکانی شەنگال بگەڕێنەوە، بۆ ئەو خاکەی کە لەهەمان ئەو مانگەدا ڕوبەڕوی جینۆساید بونەوە (Awda, 2024).هەر لەو بارەیەوە چالاکوانی ئێزدی و بەرگریکار لە مافەکانی مرۆڤ فەرهاد عەلی گوتویەتی: "لەماوەی دو ڕۆژدا 700 خێزان هەرێمی کوردستانیان بەجێهێشتووە بەهۆی وتاری "ڕقلێبونەوە"ی هەندێک لە پیاوانی ئاینیی هەرێم .(Awda, 2024) .هەروەها بەپێی ڕگەیاندنی یەکێک لە ئەندامانی پارێزگای نەینەوا بەناوی محەمەد عارف شەبەکی، "زیاتر لە هەزار خێزانی ئێزدی ڕایانکردووە " (Baghdad Today, 2024)، لە دۆخێکی نائارام و بێ جێگا و ڕێگا .
بۆیە، لەو هەمو دوپاتکردنەوە و ڕاگەیاندنانە زەنگی مەترسییە بۆ دەسەڵات لەپێناو پاراستنی گروپێکی مرۆیی، لەپێناو ڕێگریکردن لە ڕودانی هەر تاوانێک دژ بە ئێزدییەکان. گشت ئەو ڕاگەیاندنانە ئەوە دەسەلمێنن کە ئێزدییەکان پێویستیان بە پارێزگارییە. لێرەدا گرنگە دژە ئێزدییاتی وەک تاوان بخرێتە چوارچێوەی بڕگەیەکی یاسایی و گشت ئەو کەس لایەن و گروپانەی بەو ئاراستەیەدا کاریگەری لەسەر جڤاک دروستدەکەن، ڕوبەڕوی یاسا بکرێنەوە.

**بەشی دووەم: پرسیارنامە**


لەم بەشەدا کار لەسەر شرۆڤەکردنی بەشی دووەمی توێژینەوەکە دەکەین، کە پرسیارنامەیەکە بۆ ئەو توێژینەوەیە ئامادە کراوە، بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ئاین و جینۆسایددا هەیە. بەمانای ئەوەی ئایا ئاین تا چ ئاستێک ڕۆڵی لە جەمسەرگیری و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی گروپی مرۆیی بەرانبەر هەیە؟ لەوتارەکاندا، ئەوەمان بە ئاشکرا بۆ ڕونبووەوە، کە جیاوازیی ئاینی بۆی هەیە لەهەر چرکەساتێکدا بگۆڕدرێت بۆ وزەیەکی ترسناک و پەلاماردانی گروپێکی ئاینیی جیاواز. ئەو پرسیارنامەیە، زۆر بە وریایی بۆ کۆمەڵێک خەڵك و گروپی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نێردراوە و داوا لە ئەندامانی ئەو تۆڕە کراوە وەڵامی ئەو پرسیارنامەیە بدەنەوە. لە ئەنجامدا 357 فۆرم گەڕێندراونەتەوە. ئەوەی گرنگە، زۆرینەی ئەوانەی وەڵامی ئەو پرسیارنامەیان داوەتەوە، خەڵکی ڕۆشنبیر و سیاسی و چالاکوان و دەرچوی زانکۆکانن، بەو مانایەی تەواو جیاوازە لەگەڵ دەستەبژێری هەردو بواری ئیسلامی ئاین و ئیسلامی سیاسی، بەڵام لێرەشدا خەڵکێک هەیە لەژێر کاریگەریی وتاری ڕقبونەوە و دژەئێزدی.
پرسیاری یەکەم و دووەم پەیوەندییان بە ژێیەندی یا "ئینتیما"ی کەسەکانەوە هەیە، بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لەوەی کەسێک ژێیەندیی بۆ ئیسلام نەبێت، نەتوانێت وەڵام بداتەوە. جگە لەوەش لە پرسیارێکدا ویستومانە بزانین داخۆ کەسەکە سەر بە ئیسلامی ئاینە یا سەر بە ئیسلامی سیاسی. ئەو جیاکردنەوەش لە پێناو ئەوەی ڕێژەی ئەوانەی سەر بە ئیسلامی ئاینن بزانین و دوایی لەگەڵ ئەوانەی وەڵامی پرسیارەکانی دواتر دەدەنەوە، بەراوردیان پێبکەین .
پرسیاری یەکەم، وەکو لە وێنەی خوارەوەدا دیارە، 61.5٪ لە کۆی 340 کەس، پێیانوایە تەنها ئیسلام ڕێگای ڕاستی و حەقیقەتە لەسەر ڕوی زەوی. گرنگیی ئەو پرسیارە لەوەدایە کە کەسی دیندار بۆی هەیە بە ئاسانی هانبدرێت بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ هەر کەس و گروپێک، کە پێیوابێت دەبنە مەترسی لەسەر ئەو بیروباوەڕە ئاینییەی کە بە ڕێگای ڕزگاربونی تێدەگەن. بەپێچەوانەی ئەوەش، 33.2٪ پێیانوایە ئیسلام تاکە ڕێگای ڕزگاربون نییە. ئەو تێگەیشتنەش ئەوەمان پێدەڵێت؛ ئەوانە دەتوانن باوەڕی باشتریان بە پێکەوەهەڵکردن (Tolerance) هەبێت، لەپاڵ ئەو

ڕێژەیەی کە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.





**لە پرسیاری دووەمدا**، خۆت بە چی دەزانیت، جۆرێکە لە دوپاتکردنەوەی پرسیاری یەکەم، لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵدانە بۆ زانینی ئەوانەی کە خۆیان بە ئیسلامی دەزانن. جیاکردنەوەی موسوڵمانانی سەر بە ئیسلامی ئاین، لەگەڵ ئەوانەی کە خۆیان بە ئەندام دەزانن لە ئیسلامی سیاسی، ڕێژەیەکی نزیکبونەوەمان بۆ دەردەخات، بۆ بەراوردکردن بەوانەی کە ڕاوبۆچونیان لەسەر پێکەوەهەڵکردن چۆنە. لەو هێڵکاریەدا ڕێژەی ئەوانەی تەنها سەر بە ئیسلامی ئاینن 41.5٪ تێپەڕ ناکات، کە زۆرجار لەلایەن هەندێک توێژەر و لێکۆڵەر بە ئیسلامی کوردی لێکدراوەتەوە. ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە کە بیروباوەڕیان بەرەو جۆرێک لە ئایدیۆلۆجیا نەڕۆشتبێت. لە بەرانبەردا 26.5٪ لەکۆی 340 کەسەوە؛ خۆیان بە ئیسلامی دەزانن، لە پاڵیشیدا ڕێژەی 4.7٪ خۆیان بە سەلەفی هەژمار کردووە و پێیانوایە لەسەر ڕێبازی سەلەفن. ئەم دووانەش بەیەکەوە دەبنە 31.2٪، کە ڕێژەیەکە دوایی بەراوردی دەکەین لەگەڵ ئەو ڕێژەیەی کە بە هەر شێوازێک بێت هەڵوێستییان نێگەتیڤ بێت بەرانبەر ئێزدییەکان، هەرچەندە ئەو خەملاندنە تەنها لەسەر بنەمایەکی ڕێژەییە لەلایەک و لەلایەکیش بەراوردکردنیەتی لەگەڵ میتۆدی وتارەکان، داخۆ زۆرینەی ئەوانەی ڕۆڵی هاندان دژ بە ئێزدییەکان دەبینن، سەر بە ئیسلامی سیاسین یا سەر بە ڕەوتی سەلەفین، یان ئەوانەن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی ئیسلامی سیاسیدان.

خاڵێکی دیکەش کە جێگای تێڕامانە، ڕێژەی 18.2٪ لە کۆی 240 کەس خۆی بە موسوڵمان دەزانێت بەڵام پابەند نین بە هیچ بنەمایەکی ئیسلام. دەکرێت ئەو ڕێژەیەش لەسەر ئیسلامی ئاین هەژمار بکەین، بەوەی کە بەهەر هۆکارێک بێت پابەند نییە بە بنەماکانی ئیسلام، بەڵام ناسنامەی خۆی وەکو موسوڵمان ناشارێتەوە، ئەوانەش بەیەکەوە ڕێژەیان 59.7٪ یە، کە نزیکە لە سەدا شەستی پرسیارلێکراوان. لەبەرانبەر ئەوانەشدا، ڕێژەی 5.9٪ لە کۆی 340 کەس خۆیان بە موسوڵمانیش هەژمار ناکەن، لەپاڵ ڕێژەی 3.2٪ کە هیچ لەو شتانە نازانن. کۆی ئەوانەش دەکاتە 9.1٪ کە ناسنامەیان وەکو موسوڵمان هەژمار ناکەن. ئەگەر ئەو ڕێژەیەش کۆبکەینەوە لەگەڵ ڕێژەی ئەوانەی کە پابەند نین بە بنەماکانی ئیسلام دەگاتە 27.3٪ لە کۆی 340 کەس. ئەمەش مانای وایە کۆمەڵگەی کوردی، بێجگە لەوانەی کە ئاینیان جیاوازە کۆمەڵگەیەکی تەواو فرەڕەنگە.




**لە پرسیاری سێیەمدا**، کە تایبەتە بەڕوانگەی بەشداربوان، دەربارەی ئاینەکانی دیکە، ڕێژەکان دابەشبون بەڵام ڕێژەی 30.7٪، کە پێیانوایە تەنها ئیسلام ڕاستە و هەمو ئاینەکانی دیکە پوچن، جۆرێک لە دژبەری لەگەڵ پرسیاری یەکەم دروست دەکات، کە ڕێژەی 61.5٪ پێیانوابو تەنها ئیسلام ڕێگای ڕاستە. ئەو جیاوازییەش نزیکە لە یەک ئەگەر، کە ئەویش ڕێژەی 41.5٪ لەوانەی سەر بە ئیسلامی ئاینن، کێشەیان بەرامبەر ئاینەکانی دیکە نییە، یا ئایدیۆلۆجیانە بیرناکەنەوە و نەچونەتە ناو پانتایی جەمسەرگیری لەگەڵ ئاینەکانی دیکە. بۆیە دەکرێت ڕێژەی هەرە زۆری ئەوانەی، کە تەنها ئاینی خۆیان پێ ڕاست بێت لەو ڕێژەیە بن کە لە پرسیاری دووەمدا دیاریکراوە و ڕێژەی 26.5٪ خۆیان بەلاوە ئیسلامییە.





بەڵگەش بۆ ئەو ئەرگومێنتەی پێشو ئەوەیە، ڕێژەی 31٪ هەڵوێستیان ڕاناگەیەنن و داوا دەکەن خوا بە نیەتی خۆیان لەگەڵیان بکات، هەرچەندە ئەوەش ڕەنگدانەوەی گومانێکە، کە دڵنیانییە بە چ ئاقارێک بیبات. بەڵام ڕێژەی 9.1٪ پێیانوایەهەڵگری گشت ئاینەکان دەچنە بەهەشت. خۆ ئەگەر هەردو ڕێژەکەی ئەوانەی کە دوعایان بۆ دەکەن و دەڵێن خوا بە نیەتی خۆیان لەگەڵیان بکات لەگەڵ ئەوانەی کە پێیانوایە هەڵگری گشت ئاینەکان دەچنە بەهەشت، کە دەگاتە 40.1٪ ڕێژەیەکی گرنگە. لەپاڵ ئەوانەششدا ڕێژەیەکی دیکە هەیە، کە 21.8٪ پێیانوایە کاریان بەسەریاندا نییە و گشت ئاینەکان یەک شتن، بەتەواوی ڕێژەکە زۆر هەڵدەکشێت ئەگەر لەگەڵ ڕێژەکانی پێشخۆی کۆیانبکەینەوە، دەگاتە 61.9٪. ئەوەش مانای وایە ڕێژەی ئەوانەی لە پرسیاری یەکەمدا دەرکەوتون، کێشەیان لە ناسنامەدا هەیە و ڕواڵەتیانە پێیانوایە تەنها ئیسلام ڕاستە. ئەم ئەرگومێنتە بۆ کەسێک کە ئەندامی حیزبێکی ئیسلامی سیاسی بێت، لە دو حاڵەت بەدەر نییە؛ یان ڕواڵەتییانە وەڵامی داوەتەوە، یان ئەوەتا لە گومانێکی قووڵدا دەژین، سەبارەت بە دوانەیی ناسنامە لەنێوان کوردبون و موسوڵمانبوندا.

لە پرسیاری چوارەم کە پەیوەندیی بە زانیاریی لەسەر ئاینی ئێزدییەکانەوە هەیە، داخۆ چی دەربارەی ئاینی ئێزدییەکان دەزانن؟ وەڵامەکان هەندێک جێگای سەرسوڕمانن. ڕێژەی 36.9٪ لەکۆی ڕێژەی 339، لەوانەن کە هیچ دەربارەی ئاینی ئێزدییەکان نازانن. نەزانراویش هەمیشە جۆرێکە لە "ئەوی دی" و "نامۆ". هەروەها دەکرێت پەیوەندی بە پرۆسەی پەروەردەوە هەبێت. چۆن دەبێت خوێندکار دەربارەی


ئاینەکان؛ بەتایبەتیش گشت ئەو ئاینانەی لە کوردستان هەن، هیچ نەزانێت. هەروەها ڕێژەی 35.4٪ پێیانوایە ئاینی ئێزدی ئاینێکی یەکتاپەرستییە، دەکرێت زانیارییەکانی ئەوانیش لەسەر بنەمای نیەتباشی بێت یا کوردبون یان زانیارییەکی دروست بێت. خۆ ئەگەر ئەو دو ڕێژەیە لێک بدەینەوە کە بەگشتی هەڵوێستیان لەنێوان نەزانین و ئەرێنیبون دایە، دەگاتە 72.3٪. ئەوەش ڕێژەیەکە دەکرێت بگوترێت کە ڕێژەی هەرە زۆری کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستان ڕوانگەیان نزیکە لە ئەرێنیبون و ڕەنگدانەوەی ئەو پێکەوەژیانەیە کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

ڕێژەی 17.1٪ پێیانوایە ئاینەکەیان شەیتانپەرستییە و پەیوەندیی بە یەکتاپەرستییەوە نییە. هەروەها ڕێژەی 10.3٪ ئەوەی هەیانە تێکەڵەیەکە لە ئیسلام و مەسیحییەت و سەرلێشێواوی. هەردو ڕێژەکە بەیەکەوە دەگاتە 27.4٪. کەواتە ڕێژەکە دابەش دەبێتە سەر دو جۆر، جۆرێکی پەیوەندیی بەو ستراکتۆرە مێژوییەوە هەیە کە پێیانوایە ئێزدییەکان شەیتانپەرستن، زانیارییەکانیان هیچ بنەمایەکی زانستیی نییە و تەنها ستریۆتایپە و لەژێر کاریی ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتییەدان کە زیاتر ئایدیۆلۆجیای ئاینی بەسەردا زاڵە. ئەوەی دیکەش دەکرێت پەیوەندیی بەو ڕێژەی 26.5٪ هەبێت کە خۆیان بە ئیسلامی دەزانن و لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجی هەڵوێستیان بەرانبەر ئێزدییەکان نەرێنییە، وەک ئەوەی لە هەڵەمەتەکەی بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت.


**لە پرسیاری پێنجەمدا**، چی دەربارەی ئێزدییەکان لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە دەزانیت؟ ڕێژەی 63.1٪ لە کۆی 339 وەکو مرۆڤ ڕێزیان لێ دەگرن و وەکو هاووڵاتییش هەمان ئەرک و مافیان هەیە. لەپاڵ ئەوەش 13.3٪ پێیانوایە ئێزدییەکان کۆمەڵێک شتی جوانیان هەیە و هیچ جیاوازییەک لەنێوان خۆیان و ئەواندا نابینن. جگە لەوانەش ڕێژەی 8.8٪ پێیانوایە گروپێکی مرۆیی ئاشتیخواز و بێزیانن. هەرسێ ڕێژەکە بەیەکەوە دەگاتە 85.2٪، کە ڕێژەکە زۆر ئەرێنییە. لێرەدا، تەماشا دەکەین کە لە پانتایی ئاین دێینە دەرەوە، زۆرینە ڕاوبۆچونی دەگۆڕێت. بەڵام هێشتا ڕێژەیەکی جیددی هەیە و وەڵامی ئەو پرسیارەیان نەداوەتەوە کە دەگاتــە 18٪. هەروەها 10٪ دەڵێن لەو بارەیەوە هیچی لێنازانم؛ بەیەکەوە دەگاتە 28٪، دەکرێت پەیوەندیی بەو ڕێژەیەوە هەبێت کە لە پرسیارەکانی پێشودا زۆر نەرێنییانە لە شوێنکەوتوانی ئاینی ئێزدی دەڕوانن.




**لە پرسیاری شەشەمدا،** بەڕای تۆ لە دەوڵەتی ئیسلامی، دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئێزدییەکان بکرێت؟ پرسیارێکە گەڕاندنەوەی پرسیارلێکراوە بۆ گۆشەی ئاین. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا 43.1٪ نازانن پێگەی گروپە ئاینییەکان چی دەبێت. ئەمەش پەیوەندیی بە نەبونی زانیاریی ئاینییەوە هەیە کە ڕێژەیەکی زۆرە. لێرەشدا دوبارە کەرتی پەروەردە بەرپرسیارە لەوەی ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵک زانیاریی لەسەر ئێزدییەکان نییە. لە بەرانبەردا، ڕێژەی 27٪ پێیانوایە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا مافی ژیانیان هەیە، بەڵام دەبێت جزیە بدەن. هەرچەندە لەنێوان مەزهەبەکان و زانایانی شەریعەت، سەبارەت بەوانەی دەبێت جزیە بدەن، جیاوازی زۆرە؛ هەندێکیان پێیانوایە جزیەدان تەنها بۆ ئەوانەیە کە پێیاندەڵێن "ئەهلی کیتاب"، لە جووەکان و مەسیحییەکان، واتە خاوەنی کتێبێکی ئاسمانین، بەڵام ئەوانەی خاوەن کتێبی ئاسمانی نین، تەنها دو بژاردەیان هەیە، یان موسوڵمانبون، یان شەڕ. لەپاڵ ئەوانەشدا ڕێژەی 18.6٪ دەڵێن ئیسلام دەیانپارێزێت، بەڵام دەبێت بەئاشتی لەناو پرۆسەیەکی پەروەردەییدا بکرێن بە موسوڵمان، ئەمەش قبوڵکردن ناگەیەنێت. لەوەش نەرێنیتر، ڕێژەی 9.7٪ پێیانوایە کەمینەیەکی ئاینین، پێویستە هێندە گرنگیان پێنەدرێت و زەق نەکرێنەوە. لەوانەش زۆر خراپتر ڕێژەی1.3 ٪ ئەوانەن کە پێیانوایە لەڕوی ئاینییەوە بتپەرستن، تاکە چارەسەری ئەوانە تەنها شەڕ یا موسوڵمانبونە. هەرچوار ڕێژەکە بە ئەرێنی لە ئێزدییەکان ناڕوانن، یان مەرجیان هەیە بۆ پێگەی ژیان و گوزەرانی ئێزدییەکان.





**لە وەڵامی پرسیاری حەوتەمدا** کە دەڵێت: ئێستا لە واقیعی کوردستان، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئێزدییەکانی کوردستان بکەین؟ لێرەشدا کە لە پانتایی ئاین دێینە دەرەوە پەیوەندییەکە ئاسایی دەبێتەوە، کە ڕێژەی 43.8٪ پێیانوایە هاووڵاتیی ئاسایی هەرێمی کوردستانن و هەمان ماف و ئەرکی موسوڵمانانیان هەیە. هەروەها 26٪ دەڵێن ئەمڕۆ هاووڵاتیبون گرنگە نەک زۆرینە و کەمینە. لەپاڵ ئەوانەش 14.2٪ پێیانوایە ئەوانە کوردی ڕەسەن و بۆ نەتەوەی کوردی موسوڵمان شانازین. کەواتە 84٪ بە ڕێژەی جیاواز لەپانتایی کۆمەڵایەتییەوە هەڵوێستیان ئەرێنییە. جیا لەوانەش، ڕێژەی 6.5 دەڵێن کەمینەیەکی ئاینین، دەبێت هێندە گرنگییان پێ نەدرێت، کە دەچێتە قالبی پەراوێزخستن. لێرەش، ڕێژەیەکی کەم کە 1.8٪ پێیانوایە ئەوانە شەیتان دەپەرستن و جائیز نییە تێکەڵی موسوڵمانان بن. کەواتە 8.3٪ هەڵوێستیان نەرێنییە. لەپاڵ هەمو ئەوانەش 7.7٪ دەڵێن نازانین.





**لە وەڵامی پرسیاری هەشتەمدا**، دەوڵەی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە ڕوانگەی تۆوە؛ ڕێژەی 59.9٪ ئەوانە گروپێکی تیرۆریستن و دەبێت وەکو تیرۆریست مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. لەپاڵ ئەوانیشەوە ڕێژەی 27.9٪ پێیانوایە ئەوانە دروستکراوی ئەمریکا و دوژمنی ئیسلامن و دەبێت ورییایان بین. ئەم ڕاوبۆچونە دەکرێت وەکو دیاردەیەک تەماشابکرێت، بەوەی هیچ لێکدانەوەیەکیان بۆ دیاردەی سەلەفییەتی جیهادی و کردەوەکانی دەوڵەی ئیسلامی (داعش) نییە، بۆیە دەیخەنە پاڵ تیۆریی پیلان. ئەم دو ڕێژەیە بەیەکەوە 87.8٪ بەچاوێکی نەرێنی و

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp540-557


گوماناوی لە دەولەی ئیسلامییەوە دەڕوانن. هەڵمەتی میدیا و ڕەفتارە دڕندەکانی ئەو گروپە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕاوبۆچونی بەشداربوانەوە هەیە. لە بەرانبەر ئەوانەدا، ڕێژەی 3.9٪ پێیانوایە ئەندامانی دەولەی ئیسلامی موسوڵمانن، بەڵام هەڵە و کەموکوورییان زۆرە. لەپاڵ ئەوانەشدا ڕێژەی 1.5٪ پێیانوایە گروپێکی ئیسلامیی جیەدین و سەری ئیسلامیان بەرزکردۆتەوە. هەردو ڕێژەکە بەیەکەوە، 5.4٪ هەڵوێستیان نزیکە لە پشتیوانی لە گروپی دەولەی ئیسلامی (داعش). ڕێژەی 6.8٪ دەڵێن نازانین، بەڵام دەکرێت ئەو ڕێژەیە لەسەر ئەوانە هەژمار بکەین کە بەهۆی نەویران بێت یان بەهۆی دڵنیانەبون وەڵامی (نازانم)یان هەڵبژاردووە، چونکە ڕاوبۆچونی کۆمەڵگە لەسەر ئەو گروپە هێندە زاڵە، هەمو کەسێک شتێکیان لەبارەوە دەزانێت. ئەو دیاردەیەی کە داعش بە موسوڵمان نازانن، جۆرێکە لە خۆبواردن لە کۆمەڵێک بیروباوەڕ و پابەندبون، کە گروپی دەولەی ئیسلامی و گشت ئەو خەڵکەی کە بە تیرۆریست یا دەسکردی ڕۆژئاوایان دەزانن، کۆیان دەکاتەوە. لەلایەک باوەڕیان بەو هەمو ڕەفتارە دڕندەییانە نییە کە ئەو گروپە دەیانگرێتە بەر، لەلایەکی دیکەش لەوە تێناون کە خەڵکێکی جیەدین لە جێبەجێکردنی پایەکانی ئیسلام و بەرزکردنەوەی ئاڵای "لا اله الا الله"، لەگەڵ خەڵکێکیش کە تیاماون و سەریان لەو هاوکێشە قورسە دەرناچێت. لێرەدا چەمکی "داعشبون" لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەکو چەمکی "نازیبون" لە ڕۆژئاوا، کە هەردوکیان کورتکراوەی ناوەکانیانن، کەوتۆتە بەردەم بەنەفرەتکردن، هەرچەندە جیاوازیی نێوان ئەو دو چەمکە زۆر زۆرە.




**لە وەڵامی پرسیاری نۆیەمدا،** ڕێژەی 30.2٪ پێیانوایە پەلاماردانی ئێزدییەکان بەهەمو پێوەرێک جینۆساید بو. هەروەها ڕێژەی 25.4٪ پێیانوایە تەنها دژ بە ئێزدییەکان نەبو، بەڵکو دژ بە هەمو گەلی کورد و مرۆڤایەتی بو، ئەم بۆچونە ئەگەر ڕاستیش بێت لەکۆمەڵێک ڕووەوە دەکرێت بخرێتە بەردەم پرسیار، وەک ئەوەی کە دەگوترێت بەعس جینۆسایدی دژ بە خەڵکی کوردستان کردووە، هەندێک هەن دەڵێن ئاخر بەعس دژ بە هەمو عێراقییەکان بو. ئەمەش وەک ئەوە وایە کە بیانەوێت لە قورسایی ئەو تاوانانە کەمبکەنەوە. ڕێژەی 17.7٪ یش پێیانوایە دژ بە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام بو، بەڵام ئەوەشیان هەر جۆرێکە لە بێئاگایی، چونکە زۆربەی ئەو کارانەی کە دەولەی ئیسلامی (داعش) پەنای بۆ دەبرد، بەپێی لێکدانەوە و ڕوانگەی خۆیان بو بۆ شەریعەت، وەکو ئەوەی بینیمان سەبارەت بە هەڵتەکاندنی ئێزدییەکان، پێشتر لەڕوی شەرعییەوە لێیانکۆڵیوەتەوە ئینجا فەتوا دراوە کە ئێزدییەکان لەناوببرێن. بەهەرحاڵ، دەکرێت وەها هەژماری بکەین کە ڕێژەی هەرەزۆری بەشداربوان کە دەگاتە 73.3٪ دژ بەو پەلاماردانە بون. ڕێژەی 12.7، کە هەڵوێستیان نەرمترە، بەڵام هێشتا پێیانوایە کارێکی هەڵەیان کردووە، نەک لەبەر ئەوەی ئێزدییەکانیان جینۆسایدکردووە؛ بەڵکو لەبەر ئەوەی ناوبانگی ئیسلامیان شێواندووە، ئەم ڕێژەیەش دەکرێت هەر لەو چوارچێوەیەدا هەژمار بکرێن کە پێیانوایە گروپی دەولەی ئیسلامی (داعش) دروستکراوی ئەمریکان کە ڕێژەیان 27.9٪ بووە (پرسیاری ژمارە هەشت). جیا لەو هەڵوێستانە، ڕێژەی 6.2 لەکۆی 338 کەس پێیانوایە دەولەی ئیسلامی (داعش) حوکمێکی شەریعەتی ئیسلامیان جێبەجێ کردووە، ئەمەش لەکۆی 338 کەسدا لە کۆمەڵگەیەکدا پشتیوانی لە ڕەفتارەکانی دەولەی ئیسلامی (داعش) بکەن، جێگای لێکۆڵینەوە و لەسەر وەستانە. ئەو ڕێژەیە ئێستا لەناو خێزان و کۆڵانەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا دەژین و کاریگەرییان لەسەر مزگەوتەکان و منداڵەکان هەیە. لەپاڵ ئەوانیشدا ڕێژەی 8٪ دەڵێن نازانین. ئەم ڕێژەیەش کە نازانن، دەکرێت بەشێکی پەیوەندیی بە لایەنی سایکۆلۆجیی پرسیارلێکراوانەوە هەبێت و هەندێکیان نەیانەوێت یا بترسن ڕای خۆیان بڵێن.





**سەبارەت بە پرسیاری دەیەم؛** "ئەگەر هیچم لەدەست بێت دەربارەی ئێزدییەکان لە داهاتودا"، وەڵامەکان بەو جۆرەی خوارەوەن کە ڕێژەی 35٪ دەڵێن؛ کەرامەتیان بۆ دەگێڕمەوە و هەمویان دەگەڕێنمەوە سەر زێدی خۆیان و ژیانیان بۆ دابینده‌کەم. هەروەها ڕێژەی 32.6٪ دەڵێن ئێزدییەکان بەشێکی ڕەسەنی نەتەوەی کوردن و ژیان و کەرامەتییان لە ئەستۆی گشت کوردە. لەپاڵ ئەوەش ڕێژەی 11.9٪ دەڵێن داوای بوردنیان لێ دەکەم، چونکە بەناوی ئیسلامەوە جینۆسایدکراون. ئەم ڕێژانەش بەیەکەوە دەگاتە 79.5٪ هەڵوێستیان دژ بە پرۆسەی جینۆسایدی ئێزدییەکانە و دەرەنجامێکی ئەرێنییە، بەڵام جیا لەو ڕێژەیە 9.8٪ دەڵێن کارم بەسەریاندا نییە و هیچیشم لەدەست بێت خۆمی پێوە سەرقاڵ ناکەم. ئەم خەمساردییەش دەکرێت بە هەردو دیوی ئەرێنی و نەرێنیدا لێکدانەوەی بۆ بکرێت. هەروەها 0.9٪ دەڵێن ئەوانەش کە ماون کۆتاییان پێ دەهێنم و دەبێت بە زۆری بکرێن بە موسوڵمان، یا جزیە بدەن یا بکوژرێن. ئەمەش ئەگەر تاقە یەک کەسیش بێت، ڕێژەیەکی ترسناکە. لەپاڵ ئەوانەش 9.8٪ دەڵێن هیچی لێ نازانم. ئەمەش لەخۆیدا جێگای نیگەرانییە، چونکە نەزانین بۆخۆی دوژمنێکی مرۆڤە، دەکرێت بە هەردو دیودا بەکاربهێندرێت.





**لە پرسیاری یازدەم** دەڵێت ئەرکی کوردە موسوڵمانەکانە لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی یەکێتیی زانایان، ئەوقاف، حیزبە ئیسلامییەکان و کۆمەڵێک مەلای موعتەبەر، لە ئاست ئێزدییەکان دوای ئەوەی جینۆسایدکران، ژمارەیەک بژاردە دیاریکراون. لەوانەش ڕێژەی 32.3٪، کە بەرزترین ڕێژەیە لەو وەڵامەدا دەڵێن هیچی لێنازانم. پرسیارلێکراوان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا لەوانەیە ناحەقیان نەبێت، چونکە تا ئەوڕۆ هیچێک لەو دەزگا و ناوەندانە هەڵوێستێکی توندیان بەرامبەر چەکدارانی دەولەی ئیسلامی نەبوە. هیچ دەزگایەکی ئیسلامی فەتوای تەکفیرکردنی گروپی دەولەی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp540-557

ئیسلامیبیان نەداوە. لەو رووەشەوە تا ئەورۆ خەڵك بە وەسفی زۆر خراپ باس لە چەکدارانی دەوڵەی ئیسلامی دەکەن، بەڵام بێ ئەوەی تەکفیریان بکەن. لەپاڵ ئەوانەشدا، رێژەی 19.9٪ لەسەر ئاستی جێبەجێکردنیش، دەبوایە دامەزراوەی ئەوقاف و یەکێتیی زانایان و حیزبە ئیسلامییەکان و زۆرینەی مەلاکانی کوردستان، خاوەندارێتییان لە پرس و کێشەی ئێزدییەکان بکردبا. هەروەها رێژەی 19.3٪ دەبوایە لەسەر ئاستی تیۆری، گشت ئەو ناوەندانە، بە فەتوا، خوێنی ئێزیدییەکانیان حەرام بکردبا. دیسان رێژەی 18.4٪ دەبوایە لەسەر ئاستی تیۆری، گشت ئەو ناوەندانە، بە فەتوا، دەوڵەی ئیسلامیی (داعش)یان بە هەڵگەڕاوە لە ئیسلام لەقەڵەم بدابوایە. هەر سێ رێژەکە بەیەکەوە دەگاتە 57.6٪ کە رێژەیەکی گرنگە و داوایان کردووە دەبوایە ئەو ناوەند و دەزگایانە هەڵوێستیان ڕۆشن بوایە دژ بە تاوانەکانی گروپی دەوڵەی ئیسلامی. جیا لەوانەش رێـــژەی 6.3٪ دەڵێن لەوە زیاتر نابێت ئێزدی بکرێن بە کەڵەگا بەسەر موسوڵمانانەوە. رێژەی 3.6٪ دەڵێن حکومەتی هەرێم زۆری بۆ کردون و شایەنی ئەوەندەش نەبون. کەواتە هەردو رێژەکە بە یەکەوە دەگاتە 9.9٪ کە هەڵوێستیان نەرێنییە و بە رێژەیەکی بەرز هەژمار دەکرێت.




**لە دوازدەمین پرسیاردا**، کە تایبەتە بە هەڵوێستی ئێزدییەکان و دەڵێت: ئێزیدییەکان دەڵێن لەو 1400 ساڵەی مێژووی ئیسلامدا، 74 فەرمانیان لەدژ دەرکراون، بەتایبەتیش لە سەردەمی عوسمانییەکان و دواهەمینیشیان بەدەستی دەوڵەی ئیسلامی (داعش)، چۆن لەو فەرمانانە تێدەگەیت؟ لێتوێژراوان لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا دابەش بون. رێژەی 39.5٪ پێیانوایە بەهۆی ئاینەکەیانەوە زۆر چەوسێندرانەتەوە، بەداخەوە ئەوە راستییەکی تاڵە. رێژەی 11٪ دەڵێن ئێمەی کوردی موسوڵمانیش زوڵمان لێکردوون و دەبێ ئیعتیباریان بۆ بگەڕێنینەوە. هەردو رێژەکە بەیەکەوە دەگاتە 50.7٪ کە هەڵوێستیان هاوسۆز و پشتیوانییە بۆ ئێزدییەکان. لەبەرانبەر ئەوانەشدا 24.5٪ دەڵێن هیچی لەبارەوە نازانین. دەشکرێت ئەو رێژەیە زانیارییان لەسەر مێژووی ئێزدییەکان نەبێت. بە پێچەوانەی ئەو هەڵوێستانەش؛ رێژەی 15.5٪ دەڵێن باوەڕمان بەو قسانە نییە، ئەی چۆن تا ئێستا ماون؟! ئەمەش هەمان پاساوی یەکێک لە سەرکردە ئیسلامییەکانە کە لە بەشی یەکەمی شرۆڤەکردنی هەڵوێستی دەستەبژێری ئاینی ئاماژەمان پێکردووە. هەروەها رێژەی 9٪ دەبێژن بیروباوەڕێکی دواکەوتویان هەیە و دەبوایە ببنە موسوڵمان. ئەم بڕگەیەش بەهەمان شێوە نەرێنییە. هەردو بڕگەکان بەیەکەوە دەگاتە 24.5٪، کە رێژەیەکی بەرزە و هەڵوێستێکی نەرێنیی دژ بە ئێزدییەکانە.




لەکۆتاییی ئەو شرۆڤەکردنانەدا یەک تێبینی گرنگە، رێژەکان لە وەڵامی پرسیارێکەوە بۆ وەڵامی پرسیارێکی دیکە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. لێتوێژەر کاتێک ڕادەکێشرێتە پانتایی ئاینییەوە، لایەنداریی تەواوی پێوە دیارە، بەڵام کە ڕادەکێشرێتە پانتایی کۆمەڵایەتی و ڕوبەڕوی وێژدان و مرۆڤبون دەکرێتەوە، هەڵوێست و وەڵامەکەی دەگۆڕێت. هەر ئەوەشە دەبینین زۆر جار وەڵامەکان جیاوازییان تێدا دەبیندرێت.

**دەرەنجام**

دەرەنجامی هەردو بەشی دەستەبژێری سەر بە ئیسلامی ئاین و ئیسلامی سیاسی و سەلەفی، رێژەیەکی یەکجار زۆرن لەوانەی لە بڵاوکردنەوەی وتاری رقاوی و ستریۆتایپکردنی ئێزدییەکاندا بەشدارن. کۆی ئەوانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستمان پێیانگەیشتووە بریتین لە (90) وتار، لەو وتارانەش زیاتر لە (70) وتار هی وتارخوێن و مەلاکانە لە هەرسێ بواری ئیسلامی ئاین و ئیسلامی سیاسی و سەلەفی. ئەو هەڵمەتە بەرفراوانەش دژ بە قسەیەکی بەرپرسێکی سەر بە ئێزدییەکان، ئاسایی نییە، بەڵکو چەندین رەهەندی هەن، یەکێکیش لەوانە رەهەندی مێژوییە. رەهەندە مێژوییەکە بۆ چرکەساتی ئەمڕۆ درێژدەبێتەوە. لەو رەهەندەدا ئێزدییەکان، لە یادەوەریی زۆرینەی رەهای موسوڵمانەکاندا، ئەوانەی کە پێوەر لای ئەوان ئاینە، شەیتانپەرستن؛ هەر ئەو ڕوانگەیەشە زەمینەسازیی کردووە بۆ ئەوەی لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژودا تواندراوە بە ئاسانی جینۆساید بکرێن. ئەو هەڵمەتە توندەی وتارخوێنە موسوڵمانەکانیش بەڵگەیە لەسەر ئەو رەهەندە.

دەرەنجامی پرسیارنامەکە، تا ئاستێکی زۆر ئەرێنییە. دەتوانین بڵێین رێژەی زیاتر لە 50٪ هەڵوێستی کوردی موسوڵمان بەرانبەر ئێزدییەکان پشتیوانی و دۆستایەتی و بەیەکەوە هەڵکردنە. رێژەی نێوان 20 تا 30٪ لە لێتوێژراوان دەتوانرێت لەنێوان ئەرێنی و بێ لایەنیدا دەسنیشان بکرێت، بەوەی کە لە پانتاییی ئاینی دێنە دەرەوە، هەڵوێستیان ئەرێنییە، بەڵام کە دەچنەوە ناو پانتاییی ئاین، کێشە دروستدەبێت و هەوڵدەدەن ڕاشکاو نەبن و لەڕێی (هیچی لێ نازانم) بێدەنگی هەڵدەبژێرن. بەڵام رێژەی نێوان 10 تا 20٪ لە لێتوێژراوان، دەتواندرێت لەنێوان نەرێنی و توندڕەویدا هەژمار بکرێت. رێژەی زیاتر لە 10٪ هەڵوێستیان زۆر نەرێنییە، بەڵام ئەوەی کە دەمێنێتەوە کە لە 7٪ زیاترە، هەمان بیرکردنەوەی ڕێکخراوی دەوڵەی ئیسلامیان هەیە، باوەڕیان بەوەیە دەبێت ئێزدییەکان لەناو ببرێن. ئەم ڕوانگە جەماوەرییە، ئەگەر 1٪یش بێت ترسناکە، چجای ئەوەی بگاتە 7٪ی لێتوێژراوان لەکۆی 357 کەسدا، کە هەردو خەڵکی ئیسلامی و نائیسلامی لە خۆدەگرێت.

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوە و بەدواداچونەدا، ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە زۆرینەی رەهای دەستەبژێری موسوڵمان لەهەردو بواری ئیسلامی ئاین و ئیسلامی سیاسی و سەلەفی، زۆر توندتر و ڕادیکاڵترن لە خەڵکی ئاسایی موسوڵمان، هەرچەندە لەناو ئەو

خەڵکەش ڕێژەی 7٪ مەترسیدارە و جێگای نیگەرانییەکی زۆرە لە پەیوەندیی بە سەقامگیریی هەردو جڤاکی موسوڵمان و ئێزدی. ئەو ڕێژەیە لە خەڵکێکی ئاسایی دەکرێت لە هەر چرکەساتێک مۆبیلیزە بکرێت دژ بە گروپە غەیرە موسوڵمانەکان، بەتایبەتیش لە بونی وەها دەستەبژێرێکی توندڕەوی و ڕادیکاڵ.

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە کێشەیەکی بەرچاو لە پەیوەندیی نێوان هەردو جڤاکی ئێزدی و موسوڵماندا هەیە و پرۆسەی شێوەگەری لەبەردەم شکستدا دەبێت؛ ئەگەر هەر دەرفەتێک بۆ توندڕەوەکان هەڵبکەوێت دژ بە جڤاکی ئێزدی. لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا بووە، کە ستراکتۆری پەرەپێدراوی پەیوەندیی نێوان جڤاکەکان لەسەر ئاستی (macro-sociology) لە ئەنجامی چاودێریکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردو جڤاک، وەکو جڤاکی موسوڵمانەکان و جڤاکی ئێزدییەکان، لە چوارچێوەی ڕابردودا وەکو مێژو، هەروەها بۆ ئێستا و داهاتوش، لەبەردەم ئەگەری ئاڵۆزیی زیاتردایە. ئەو توێژینەوەیە لەسەر ئاستە درشتەکان (ماکرۆ) ئەنجام دراوە، خۆ ئەگەر بچینە ئاستە وردەکان، بۆی هەیە مەترسیی زۆر زیاتر دەربکەوێت. هەرچەندە پرسیارنامەکە چۆتە ئاستە وردەکانیش بەڵام دەکرێت هێشتاش زیاتر ڕۆبچینە ناو خەڵک و زیاتر لێکۆڵینەوە لە ئاستەکانی ئەو پەیوەندییە بکرێت، نەک هەر لە پەیوەندیی بە هەردو جڤاکی موسوڵمان و ئێزدی ، بەڵکو جڤاکی موسوڵمان و هەمو جڤاکە ناموسوڵمانەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی لەو ستراکتۆرە تێبگەین کە لەبنەڕەتدا ستراکتۆرێکە لەو سەد ساڵەی ڕابردودا تا ئاستێکی باش بەیەکەوە هەڵکردنی تێدا بووە.

ئەوە ڕونە کە تێکچڕژانی کۆمەڵایەتیی نێوان جڤاکەکان لەناو چەمکی شێوەگەریدا، لەڕوی پشتبەیەکبەستنەوە (interdependencies)، زۆر لاوازە. دەستەبژێری ئاینی لەجڤاکی موسوڵمانەکان، کە هەژمونیان بەسەر تەواوی جومگەکانی ئەو واقیعەدا هەیە، ڕۆڵێکی نەرێنی تا ئاستی توندڕەوییان هەیە دژ بە غەیرە موسوڵمانەکان. لە ئەنجامی توێژینەوەکە ڕونبۆتەوە کە ئەو پشتبەیەکبەستنە بەرەو کزی و لاوازی ڕۆیشتووە، هەرچەندە هۆکارەکانیش ڕەهەندی مێژووییان هەیە، بەڵام لەگەڵ پەلاماری دەوڵەی ئیسلامی دژ بە جڤاکی ئێزدی، گەیشتۆتە ئاستی هەڵوەشانەوەی، بەمانای ئەوەی پرۆسەی بەشارستانیکردن (civilising Process) بەرەو شکستی بە شارستانیکردن (De-civilising Process) ڕشتووە. بەڵگەش ئەوەیە جگە لەوەی کە بەپێی بەڵگە مێژویی و واقیعییەکان ئێزدییەکان بەشێکی دانەبڕاون لە کۆمەڵگەی کوردی، بەڵام ئاڵۆزی گەیشتۆتە ئاستێک بەشێک لە ئێزدییەکان داوای جیابونەوەی ئێتنی بکەن لە کۆمەڵگەی کوردی و خۆیان بە سەربەخۆ بزانن. هەردو دەستەبژێری سیاسی و ئاینیش لەو دورکەوتنەوەیەی جڤاکی ئێزدی لە کۆمەڵگەی کوردی، بەرپرسیارن.

ئەو توێژینەوەیە دۆزینەوە و شرۆڤەکردنێکی ڕۆشنە بۆ ئەوەی لایەنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان کۆتایی بە بێدەنگی بهێنێت و سیاسەتێکی نیشتمانی بگرێتەبەر، لەپێناو دروستکردنی ئەو پردانەی کە پەیوەندییان بە ئاوێزانبون و پشتبەیەکبەستن و تێکەڵبون هەیە بەشێوەیەکی ئەرێنی و یەکترتەواوکردن. هەروەها دەکرێت یەکێک لە هۆکارەکانی هاندان و توندبونی وتاری ئەو ڕێژە زۆرەی وتاربێژەکان، بەیاننامە هاوبەشەکەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و یەکێتیی زانایانی ئیسلامی کوردستان بێت. ڕاستە قاسم شەشۆ قسەیەکی کردووە کە دەکرێت ببێتە هۆکارێک بۆ نیگەرانیی موسوڵمانەکان، بەڵام ئەو جۆرە قسانە ڕۆژانە کراون و دەکرێن، تەنانەت خەڵکی لەسەر کوژراوە، وەک کوژرانی کوڕە گەنجەکەی چەمچەماڵ "خواناس"، کەچی ئەو دو دەزگایە هیچ بەیاننامەیەکیان دەرنەکرد. هەروەها دژ بەو هەمو سوکایەتی و "بەئەویدیکردنەی" ئێزدییەکان لەلایەن زیاتر لە "90" وتارخوێنی موسوڵمان، بەهەمان شێوە هیچ بەیاننامەیەکیان دەرنەکرد. ئەمەش مانای وایە کە تەنانەت ئەو دو دەزگایەش بێلایەنیی خۆیان لەدەستداوە و پێویستە لەپێناو پاراستنی سەقامگیریی کۆمەڵگەی کوردیدا، لۆژیکانەتر و بەیەک دوری لە هەمو جڤاکەکان بوەستن.

## سەرچاوەکان


حوزنی موکریانی، ح .(2001). مێژووی میرنشینی سۆران .پێداچوونەوەی عیماد ئەحمەد جەواهیر، هەولێر :بلاوکراوەی ئاراس) .لێرەدا وەک "موفتیی ڕواندز "ئاماژەی پێکراوە.(

ئەلبوتانی، ع .ع (2013). کورد لە مێژووی عوسمانیدا (کۆتایی سەدەی هەژدە -نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە .)وەرگێڕانی :جیهاد خاوەندی، هەولێر :ئەکادیمیای کوردی.

ابن أبي شيبة، ع. (2004). الكتاب المصنف في الأحاديث والآثار .تحقيق :حمد بن عبدالله الجمعة ومحمد بن إبراهيم اللحيدان، الرياض :مكتبة الرشد.

بەگیخانی، ن.، گیل، ع .و کوێیل، ک. (2015). کوشتن بە ناوی شەرەف :لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و مەیدانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا .وەرگێڕانی :ئاسۆس هەردی، سلێمانی :ناوەندی غەزەلنووس.

تەبەری، م. (1987). تاريخ الأمم والملوك )تاريخ الطبري .(بەرگی ٩، لێکۆڵینەوەی :محەمەد ئەبولفەزل ئیبراهیم، بێروت :دار التراث.

الدملوجي، ص. (1949). الايزيدية .الموصل :مطبعة الاتحاد) .باس لە دەقی فەتواکەی مەلا سالح دەکات لە لاپەڕەکانی پەیوەست بە ساڵی (1832).

الماوردي، أ . (1989). الأحكام السلطانية والولايات الدينية .بيروت :دار الكتب العلمية.

ئیبن ئەبو شەیبە، ع. (1988). المصنف في الأحاديث والآثار .لێکۆڵینەوەی :سەعید ئەللیحام، بێروت :دار الفكر.

Mufty, H., (2024). Şeytan peristan li çi digerin..?! (What are the devil worshipers looking for..?), 7 August, 2024. Available at: https://web.facebook.com/share/p/1YzgnPD5xf/

KIRSU, (2024). 'Joint announcement from the Ministry of Endowments and Religious Affairs and the Union of Islamic Scholars of Kurdistan', Kurdistan Islamic Religious Scholars Union, " ڕاگەیێندراوێکی هاوبەش لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانەوە", 15 August. Available at: https://shorturl.at/ECIjx (Accessed: 16 August 2024).

Al Arabiya.net (2020) 'Yazidi rape victims: Outcast children in Iraq' " ضحايا اغتصاب الايزيديات.. أطفال منبوذون في العراق", Al Arabiya.net, Available at: https://shorturl.at/NaeHG (Accessed: 16 August 2024).

Alarabiya (2007) 'Yazidi Council denounces killing of girl who fell in love with Muslim and calls for perpetrators to be held accountable' " مجلس الايزيديين يندد بقتل فتاة عشقت مسلما ويدعو لمحاسبة الفاعلين", Alarabiya, Available at: https://shorturl.at/BiHEY (Accessed: 16 August 2024).

العثمانيين” إلى مذابح داعش "فرمانات", irfaasawtak, Available at: https://shorturl.at/jYCuO (Accessed: 16 August 2024).

Allison, C. (2001) . The Yezidi Oral Tradition in Iraqi Kurdistan. Routledge. P.26.

Angeles, R.C.C., (2019). HISTORICAL PERSECUTION TOWARDS A CONTEMPORARY ISSUE: THE CONTINUING NEGLECT OF YAZIDI HUMAN RIGHTS. Asian People Journal (APJ), 2(2), pp.92-104.

Assembly, U.G.,(1948). Universal declaration of human rights. UN General Assembly, 302(2), pp.14-25.

Ebied, R., (1998). Devil Worshippers: the Yazidis. Sydney Studies in Religion.

Cook, J. and Vale, G.A. (2018) From Daesh to 'Diaspora': Tracing the women and minors of Islamic State. International Centre for the Study of Radicalisation.

Dabiq ،(2014). 'The Failed Crusade', The Revival of Slavery Before the Hour, Issue 4, Dhul-Hijjah 1435.

Islamweb, (2004). 'Yazidism..its origins..its founder..its beliefs', Fatwa, Available at: https://shorturl.at/zgjKT (Accessed: 16 August 2024).

Elias, N., (1978). What is sociology? Columbia University Press.

Jwaideh, W., 2006. The Kurdish national movement: Its origins and development. Syracuse University Press.

Kmeid, A., (2018). THE EIGHT STAGES OF GENOCIDE 20TH CENTURY GENOCIDES ACCORDING TO GREGORY STANTON'S CRITERIA.

Ligios, G., (2024). 'Yazidi survivors of Sinjar massacre alarmed by Iraq's move to close camps', *The Guardian*, 21 June. Available at: https://shorturl.at/m8y09 (Accessed: 16 August 2024).

Mame, S., (2023). 'The language of reason against the language of murder!', Facebook, Available at: https://shorturl.at/lIaiV (Accessed: 16 August 2024).

McCants, W., (2014). Satan's Slaves: Why ISIS Wants to Enslave a Religious Minority in Iraq. Markaz Blog, Brookings Institution.

Omarkhali, K., (2017). The Yezidi religious textual tradition: from Oral to Written. Categories, Transmission, Scripturalisation and Canonisation of the Yezidi Oral Religious Texts, pp.23-24.

Sadiq, I., (2021). Origins of the Kurdish genocide: Nation building and genocide as a civilizing and de-civilizing process. Rowman & Littlefield.

Segre, S., (2020). *Bauman, Elias and Latour on modernity and its alternatives: Three contemporary sociological theorists on modernity and other options*. London: Anthem Press.

Arabic (2024) 'Qasd warns: ISIS is gathering 10,000 undercover fighters' ""قسد" تحذر: داعش يجمع صفوفه بـ 10 آلاف مقاتل متخفٍّ", Arabic, Available at: https://shorturl.at/MwzxE (Accessed: 16 August 2024).

Al-Butani, A.A. (2013) Research and study of the philosophy and nature of the Yazidi religion “دراسات ومباحث في فلسفة وماهية الديانة الايزيدية”. Dohuk: Scientific Research Center.

Al-Kubra, A.B.K.B.S. (2019) Foreign Fighters in the Leaked ISIS Documents: An Analytical Study of Those Coming From the Kingdom of Saudi Arabia " المقاتلون الأجانب في وثائق "داعش" المُسَرَّبة". King Faisal Center for Research and Islamic Studies.

ALO , S. K. and VIAN, A. A. (2021) “ دراسة في 1914-1918 إيزيديو شنكال والأرمن موقف الإيزيديين من المذابح الأرمنية”, Journal of Duhok University, 24(1), pp. 460-474. doi: 10.26682/schjuod.2021.24.1.26.

Alo, S.K. and Lazo, A.H. (2021) 'Ezidis in a number of writings of Iraqi historians' "الايزيدية في عدد من كتابات المؤرخين العراقيين", Journal of Duhok University, 42(1: Humanities and Social Sciences), pp. xx-xx.

Al-Hamd, M.A.H. (2001) The Yazidi Religion Between Islam and Manawiyah (اليزيدية بين الاسلام والمانوية). Al-Mahtadin Al-Islamiya.

Awda, D. (2024) '“Organized whirlwind” forces Yazidi families to flee Iraqi Kurdistan' ""زوبعة منظّمة" تدفع عائلات إيزيدية للفرار من كردستان العراق", Alhurra, 9 August. Available at: https://shorturl.at/kgF7e (Accessed: 16 August 2024).

Baghdad Today (2024) 'Following the "Organized Incitement Storm"... The Ezidis' fleeing from Kurdistan has stopped and the situation is very calm' " عقب "زوبعة التحريض المنظمة".. فرار الإيزيديين من كردستان", Baghdad Today, 19 August. Available at: https://shorturl.at/cvheH (Accessed: 16 August 2024).

Faisal, B. (2019) 'The issue of women's captivity and the crisis of Islamic jurisprudence' " قضية سبي النساء وأزمة الفقه الإسلامي", [Website Name], 2 October. Available at: https://shorturl.at/SFAfo (Accessed: 16 August 2024).

Habib, K. (2003) Yazidism is an ancient religion that resists the vicissitudes of time ( الأيزيدية ديانة قديمة تقاوم نوائب الزمن). Ministry of Education Press.

Hormi, H. (2024) 'The language of the Yazidi religion and its identity' " لغة الدين الايزيدي وهويته", Kurdistan Newspaper, Available at: https://www.rojnamakurdistan.com/ar/node/1488 (Accessed: 16 August 2024).

Welate Me (2007) 'Dialogue with the Kurdish writer and researcher (Khalil Jundi)' " حوار مع الكاتب والباحث الكردي (خليل جندي)", Available at: https://shorturl.at/0M38j (Accessed: 16 August 2024).

Yusri, M. (2023) 'From the Ottoman "firmans" to the ISIS massacres; How did the Yazidis defend their existence over the centuries? “ من

Saleem, Z. and Mansour, R. (2024) *Responding to instability in Iraq's Sinjar district*. Available at: https://shorturl.at/n2Gcy (Accessed: 16 August 2024). Stebbins, A., 2009. The Chinese civilizing process: Eliasian thought as an effective analytical tool for the Chinese cultural context (Doctoral dissertation, Murdoch University).

United Nations. General Assembly, (1949). Universal declaration of human rights (Vol. 3381). Department of State, United States of America.

Stanton, G.H., (2013). The ten stages of genocide.

## العلاقة بين الدين والإبادة الجماعية: دراسة تحليلية في حالة الإيزيديين

**الملخص**

تتناول هذه الدراسة التحليلية العلاقة المركّبة بين الدين والإبادة الجماعية، مع تركيز خاص على إبادة الإيزيديين بوصفها حالة دراسية كاشفة. وتهدف إلى تفكيك الكيفيات التي يُستدعى فيها الدين، ليس فقط بوصفه دافعًا أيديولوجيًا، بل كذلك كأداة رمزية تُستخدم لإنتاج التبرير وإضفاء الشرعية على ممارسات الإبادة ضد الأقليات الدينية. كما تسعى الدراسة إلى سد فجوة معرفية قائمة، ناجمة عن الحساسية الدينية والسياسية التي تحيط بهذا الموضوع، والتي غالبًا ما تعيق تناوله نقديًا في الأدبيات الأكاديمية. تعتمد الدراسة إطارًا نظريًا يستند إلى مفهوم "التشكيل الاجتماعي (Social Figuration") عند نوربرت إلياس، مدعومًا بمفاهيم "العنف البنيوي" و"الأُخْرَوية (Otherness")، من أجل تحليل البُنى الخطابية والسلطوية التي أسهمت في إنتاج الإبادة. ويتمثل مجتمع البحث وعينته في الخطاب الديني الذي اعتمده تنظيم الدولة الإسلامية (داعش) عام 2014 ضد الإيزيديين، إلى جانب الخطابات المتداولة لدى بعض ممثلي الإسلام السياسي والإسلام الدعوي، بوصفها سياقات مُنتِجة للمعنى ومؤطِّرة للعنف. وتخلص الدراسة إلى أن العلاقة بين الدين والإبادة الجماعية تتجلى عبر ثلاثة مستويات تحليلية مترابطة: أولها إنتاج "الآخر" وتجريده من الإنسانية، وثانيها آليات التبرير والشرعنة الدينية، وثالثها تفويض السلطة ومنح الإذن الأخلاقي بارتكاب الجرائم الجماعية. وتؤكد النتائج أن المؤسسات والسلطات الدينية، حتى في حال عدم مشاركتها المباشرة في العنف، قد تسهم في تهيئة بيئة رمزية وبنيوية حاضنة للإبادة من خلال خطابها، حيث يُستخدم الدين—بوعي أو دون وعي—كإطار فاعل لتنظيم العنف وتنفيذه على نطاق جماعي.

**الكلمات المفتاحية:** الدين، الإبادة الجماعية، الإيزيديون، النخبة الدينية الإسلامية، التجريد من الإنسانية.

## The Intersection of Religion and Genocide: A Study of the Ezidi Case

**ABSTRACT**

This research explores the intersection between religion and genocide, focusing on the Ezidi genocide as a primary case study. The objective is to analyse how religion is utilized as both a motive and a tool to justify the annihilation of minority groups, addressing a critical gap in literature caused by the religious sensitivity of this issue. Regarding methodology, the study adopts Norbert Elias's theory of "Social Figuration" and utilizes concepts such as "Structural Violence" and "The Otherness" to analyse religious discourse. The research scope and sample include the discourse employed by Islamic State (ISIS) in 2014 against the Ezidis, alongside the rhetoric promoted by certain representatives of political and traditional Islam. The key findings categorize the relationship between religion and genocide into three dimensions: Othering, Justification, and Authorization. The study concludes that religious institutions and authorities, even if not direct perpetrators create a fertile ground for genocide through their discourse. It emphasizes that individuals, consciously or unconsciously, instrumentalize religion as a constructive role in facilitating genocidal processes.

KEYWORDS: Religion, Genocide, Yazidis, Islamic Religious Elite, Dehumanization.